# چوار سندووق

بەهرام بەیزایی

# چوار سندووق

شانۆنامە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

بەڕۆژ ئاکرەیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەهرام بەیزایی
چوار سندووق
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: بەڕۆژ ئاکرەیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٣٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠١ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

بەهرام بەیزایی، نووسەر، لێکۆڵەر، شانۆنامەنووس، سیناریۆنووس و دەرهێنەری فیلم و شانۆ و... لە ساڵی ١٩٣٨ و لە تاراندا چاوی بە ژین هەڵێناوە. لە دوایین ساڵەکانی خوێندنی ئامادەییدا دوو شانۆنامەی مێژوویی نووسیوە و دواتر بۆ هەردەم، وازی لە خوێندن (لە کولێجی ئاداب) هێناوە. بەیزایی لە ساڵی ١٩٦٠و لە گۆواری مۆسیقادا، دەستی بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ تیاتر کردووە. بەیزایی یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکەتی نووسەرانی ئێرانە (١٩٦٨). دواتر لە ساڵی ١٩٧٩دا و بۆ هەردەم، وازی لەم یەکەتییە هێنا. لە ساڵی ١٩٦٩دا بە وێنەی مامۆستای میوان لە زانکۆی تاراندا دەستی بە کار کردووە. دوو ساڵ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٩٨١دا لە زانکۆی تاران دەرکراوە. لە ساڵی ١٩٩٦ دا و لەسەر داوەتی پەرلەمانی ناودەوڵەتیی نووسەران لە ئێستراسبۆرگ نیشتەجێ بووە. دوای ساڵێک سەرلەنوێ ڕووی لە ئێران کردەوە و دوای هەژدە ساڵ دەستی بە کاری شانۆ کردەوە.

## سینەما

بەیزایی لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دەستی بە کاری سینەما کردووە و یەکەمین فیلمی بە ناوی "ڕێژنە" لە ساڵی ١٩٧١ بەرهەم هێناوە. "چریکەی تارا" و "مەرگی یەزدگەرد" ئەو فیلمانەن کە بەیزایی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) بەرهەمی هێناون و تا ئەمڕۆش لە ئێراندا قەدەغە کراون. بەیزایی نۆ فیلمی درێژ و چوار کورتەفیلمی دروست کردووە کە لەلایەن بینەران و ڕەخنەگرانەوە پێشوازییان لێ کراوە و حکوومەتی ئێرانیش بە هەموو شێوە و بیانوویەک پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمە سینەماییەکانی کردووە. بەیزایی نێزیکەی پەنجا و یەک سیناریۆی بڵاو کردوونەتەوە. "سەگکوژی" و "کاتێک کە هەموومان خەوتووین" دوایین فیلمەکانی بەیزایین کە بەرهەمی هێناون.

## شانۆ

بەهرام بەیزایی یەکێک لەو هونەرمەندە ئێرانییانەیە کە هەم لە سینەما و هەم لە شانۆدا، خاوەنی کارنامەیەکی درەوشاوەیە. بەیزایی یەکێک لە لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی شانۆی ئێرانە و چەندان لێکۆڵینەوەی قووڵی لەمەڕ شانۆی ئێران و هیندستان چین و ژاپۆنەوە بڵاو کردووەتەوە کە تێکڕای ئەم کتێبانە لە زانکۆکانی ئێراندا، دەرس دەدرێنەوە.

بەیزایی لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە دەستی بە نووسینی شانۆنامە کردووە. بەیزایی نێزیکەی سی و چوار شانۆنامەی بڵاو کردوونەتەوە، بەڵام تەنیا دەرفەتی دەرهێنان و پێشکێشکردنی هەشت شانۆگەریی پێ دراوە. "غولامحوسێن ساعێدی" و "ئەکبەر ڕادی" و "بەیزایی" بە دامەزرێنەرانی شەپۆڵی نوێی تیاتری ئێران دەژمێردرێن. شانۆگەرییەکانی بەیزایی، هەموو

کـات لەلایەن بینەران و ڕەخنەگرانەوە پێـشـوازییـان لـێ کـراوە و لـەلایەن حکوومـەتەکـانیـشـەوە (هەم پـەهلـەوی و هـەم ئیـسـلامی) کـەوتووەتـە ژێر پاڵەپەستۆ و سانسۆرەوە.

بەیزایی نێـزیکەی سێ ساڵێک دەبێ کـە دانیـشـتـووی ئەمـەریکایە و لە زانکۆی ئیستانفۆردا خەریکی مامۆستایەتی و لێکۆڵینەوەیە.

کەسپۆشەکان:

---

زەرد

سەوز

سوور

ڕەش

داوەڵ

## پەردەی یەکەم

[شانۆ چۆڵە. چوار کەس لەسەر زەوی بە ڕیز دانیشتوون، بیر دەکەنەوە]

زەرد: [لەناکاو ڕادەپەڕێ] مەترسی!

سەوز: [ڕادەپەڕێ] مەترسی!

سوور: [ڕادەپەڕێ] دیسان مەترسی!

زەرد: مەترسییەکی لێڵ!

سەوز: مەترسییەکی نادیار.

سوور: مەترسییەکی دیار و تەنانەت هەمیشەیی.

زەرد: وا نابێ، من ناتوانم بیر بکەمەوە.

سوور: کاڵا بازرگانییەکانمان چییان لێ دێ، کاروانەکانمان؟

سەوز: گومبەزەکان. شتە پیرۆزەکان؟

سوور: چی بکەین؟ [ڕوو لە ڕەش] ها؟ چی بکەین؟

ڕەش: ئەگەر زانیتان؟

سوور: [بە سەوز] فەرموو، ئەگەر دەزانی بە خۆت بیڵێ.

ڕەش: حاڵت بە حاڵم قەت نەبێ.

سەوز: [بە ڕەش] دەبینم تۆیش چاک خەرفاوی!

سوور: [بە ڕەش] سەراپا قسەی بەرماوی!

ڕەش: ئێوەیش هەردووکتان ملهوڕن.

سەوز و سوور: [بە زەرد] ئەگەر زانیت؟

زەرد: دەبێ بیر بکەینەوە!

هەرسێکیان: بەڵێ، دەبێ بیر بکەینەوە.

[هەرکام لە سووچێک دادەنیشن. وێستە.]

زەرد: [لەناکاو] داوەڵ!

[هەرسێکیان سەیری دەکەن]

زەرد: پێویستیمان بە داوەڵێکە، داوەڵ!... ئایشەدرێژی بێستانەکان.

[هەرسێکیان سەیری یەکتر دەکەن]

زەرد: [هەڵدەستێتەوە] هێمنایەتی وەدی دێنێ، ناحەزانمان دەترسێنێ،. ئاسوودەیی بەرهەم دێنێ.

سەوز: داوەڵ. [شاگەشکە، هەڵدەستێتەوە] ڕاست دەکا. داوەڵ.

سوور: خۆیەتی. خودی خۆیەتی. [هەڵدەستێتەوە] ئای لەو بیرەی. ئای لەو بۆچوونە دەقاودەق و پڕبەپێستەی!

زەرد: لە ڕۆژی قەوماندا، دەمانپارێزێ. لە ماڵەکاندا...

سوور: لە بازاڕەکاندا...

سەوز: لە مزگەوت و لە میحرابەکاندا...

زەرد: لە هەموو شوێنێک! بەڵام دەبێ بەهێز بێ، دەبێ چەکدار بێ.

ڕەش: باسی مەکە زەندەقم چوو!

سوور: جا قوڕت بەسەر دژمنی گەل.

زەرد: ڕواڵەتە ترسناکەکەی بۆ دژمنان و دەروونە دلۆڤانەکەیشی بۆ خۆمان! [بە ڕەش] دەی، تۆ چی دەڵێی؟ قبووڵتە؟

ڕەش: قبووڵمە.

سـوور: قـبـووڵتـه؟ [جـارێک به دەوری خـۆیدا دەخـولێـتـەوە] قـبـووڵە، هەرچییەکمان گوت!

سەوز و زەرد: چیمان گوت و چیمان بیست!

هەر چواریان: [بە چەقەنە لێدانەوە] باخمان گوت و گوڵمان ویست.:

[مـۆسـیـقـایەکی شـاد. هەر کـامـێکیـان بە لایەکـدا ڕادەکـەن. زەرد، کــۆتـەرەدارێک دێنـێ. پێــچـکـەی هـەیە و نـاوەوەی کلـۆرە. ڕەش، حـەسیرێک دێنێ و بەسەر شـانەکانی کۆتەرەدارەکەیدا دەدا. سـوور، مـاسکێک دێنێ و لـە شـوێنی دەمـوچاوی دادەنـێ. زەرد، بە خـەڵوز شـوێنی چاوەکانـی دیار دەکا. سـوور، سـەوەتەیەک سەراوژێر دەکا و لە جیـاتیی سەر، بـۆی دایدەنێ. سەوز بـە دەوریدا دەخولێـتـەوە، وێرد دەخـوێنێ و فـووی لێ دەکا. ئێـسـتـا داوەڵەکـە گەلێک پەلی لێ ڕواوە. ڕەش، ڕادەکا و تـەنوورەیەکی لە گیـا چنراوی زەنگوڵەدار دێنێ، زەرد و سـوور، لێـی وەردەگـرن و لە کـەمــەری کـۆتـەرەدارەکـەی دەبەسـتن. یەکێکیـان دوو دانـە قـۆچی بۆ دێنێ. یەکێکی تریـان زرێیـەک دێنێ لە خـوری بزن. ئەوی تریان ملوانکـەیەک دێنێ لـە ناڵی ئەسپ. یـەکـێکی تر، جووتێک سۆڵەی دارین. یەکێکی تریش کۆمەڵێک میدالیا.]

سەوز: ئافەرین. دەستخۆش. ئەفراندن هەر وا دەبێ!

زەرد: دەبێ تەواوی بکەین.:

سەوز: تەواوکردن، ئیشـی مرۆڤی ناتەواو نییە.

زەرد: دەبێ تەیاری بکەین!

[سـوور ڕادەکـا، قـامـچـیـیـەک دێنـێ و لە مـەچەکی کـۆتەرەدارەکـەی دەبەسـتێ. زەرد ڕەختێک فیشـەک دێنێ و بە شـانییـەوە هەڵدەواسێ. سـوور تفـەنگێکی قـۆنتـاخ کورتی لـە شـان دەکا. ڕەش شـەیپوورێک

دەخـاتە مـلـی و زەردیش دووربینێکی لوولـەیی، سـووریش قـەمـەیەک دێنێ و لەبەر پشتبێنی دەنێ.]

زەرد: هیچی تر ماوە؟

سوور: بەس نیازپاکی!

سەوز: هەر ئەوەندە بەسە و پڕ بە پێستیەتی. بزانە چۆنمان تەیار کرد؟ دەک دەستمان خۆش بێت!

[سـەوز دەچێتـە پێـشـەوە و بۆ پاراسـتن لە چاووزار ملوانکەیەکی کووژەکەی لە مل دەکا.]

ڕەش: هەر لە ئێستاوە گریانم بە حاڵی دوژمن دێ!

سوور: دەڵێن چی هەر ئێستا بیخەینە ڕێ؟

سـەوز: ئەوە ئەرکـێکی گـەورەیە و لەسـەر شـانمانە. ها ها [لاپەڕەیەک لە گیرفانی دەردێنێ] هەر زۆریش خۆشە.

[ڕەش ڕادەکـاتە دەرەوە و بـە پەردەیەکی گـەورەی وەنەوشـەییـەوە دێتـەوە کـە خـۆرەتاوێکی گـەورەی لـەسـەر نەخش کـراوە. زەرد چوارپایەیەک دێنێ. سـەوز لاپەڕەی گوتارەکەی لە دەستە و خـەریکی مـەشـقـی خـوێندنەوەیە. ڕەش و سـوور پەردەکـە هەڵدێنن و داوەڵ لە چاوان ون دەبێ. مۆسـیـقـا کپ دەبێ. زەرد مـقـەسـتێک لـە گـیرفـانی دەردێنێ و تیـژی دەکا. سـەوز دەچێتـە سـەر چوارپایەکـە و لاپەڕەی گوتارەکەی دەکاتەوە.]

سـەوز: [لەسـەرەخۆ، وەک بێژەرێکی کـارامـە] برایانی بەڕێز و خـوشکانی بە پێز!

[ڕەش و سـوور بـاوێشکیـان دێتێ. سـەوز، ئاگـای لێیـان دەبێ و پەلە دەکا]

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، هەر ئێستا [سەیری سەعاتەکەی دەکا] بەڵێ ڕێک ئێستا، کاتی ئەوەیە عەرزی هەمووتان بکەم کە من لە ڕاستیدا هیچ عەرزێکم نییە. یانی لە ڕاستیدا هەڵچوونی هەستونەستەکانم، ڕێگەی قسەکردنم پێ نادا. لەلایەکی ترەوە، شاعیر (سەت ڕەحمەتی خوای لێ بێ) فەرموویەتی، جا بزانن چەند جوان و بەجێشی فەرمووە، هەڵبەت کەمێک زۆری فەرمووە، بەڵام فەرمایشتەکەی وەک زێڕە و گەوهەر فەرمووە. بەڵێ، جا دەڵێ... ببوورن، لە بیرم چوو و نازانم چی دەڵێ [چەپڵە و فیتووی ئەوانی تر. سەوز لە چوارپایەکە دێتە خوارەوە] لە کۆتاییی ئەم دەستپێکەدا، یان لە دەسپێکی ئەم کۆتاییییەدا، سرنجی یەک بە یەکتان بۆ ئەم ڕووداوە شکۆمەند و مێژووییە ڕادەکێشم... [بە زەرد] تکایە فەرموون سەرەی ئێوەیە.

[زەرد بە پەلە تۆقەی لەگەڵ دەکا. پاشان مقەستەکەی بەرز دەکاتەوە، سێ جار لێکی دەدا و دەنگی لێکدانی مقەست دەبیسرێ. لە حاڵێکدا کە هەرچواریان هەلهەلە لێ دەدەن، ڕەش و سوور پارچەکە بەردەدەنە خوارەوە. داوەڵ، ئێستا مرۆڤێکی کەڵەگەتی ڕاستەقینەیە و قیت و قۆز ڕاوەستاوە. هەرچواریان چەپڵە لێ دەدەن، داوەڵیش چاو لە ڕاست و چەپی خۆی دەکا]

سوور: بەڕێزان! فەرموون ئەمەش داوەڵێکی ڕاستەقینە. ڕاستەقینەترین داوەڵێ کە دەکرا دروستی بکەین. ئەرێ بەڕاست، ئەگەر هیی کەسێک با، هیی کاممان دەبوو؟

زەرد: تەماشا تەماشا، پێکەنی.

ڕەش: تۆ خۆشحاڵیت وا نییە؟ دا بخولێوە! خول... خول... خول

هەرچواریان: [دەخولێنەوە و خولانەوەی پێشان دەدەن] خول... خول...

ڕەش: خولایەوە! هاها، بەر نەبییەوە. چەند جوان پێ دەکەنێ. بە ئێمە پێ

دەکەنێ؟

سەوز: بەڕێزان! هەروەک دەزانن ئێمە ئەومان دروست کردووە. واتە، ئەو بەرهەمی هاوکاری و هاوبیریی ئێمە و گوێڕایەل و فەرمانبەری ئێمەیە. لەم جیهانە پڕ لە مەترسییەشدا، پارێزەری هەر هەمووماندە.

سوور: هەر بژی و پایەدار و نەمر بێت!

زەرد: دەبێ بڵێین: هەبوونی ئەو، شتێکی پێویست بوو. ئێمەیش هەستمان بەو پێویستییە کردبوو. کەواتە هێزمان پێ بەخشی...

سوور: نان و ئاویشی لەسەر خۆمانە.

زەرد: چەکدار و تەکووز و تەیارمان کرد و ئەویش ئەرکەکانی خۆی چاک دەزانێ. چونکە هەر لە پێناو بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەدا هاتووەتە دی. کەواتە: خزمەتکاری ئێمەیە و تۆقێنەری دژمنان.

سوور: وەرە تەماشا کە، ئەوها نیشانە دەگرن و ئەوهایش دەیتەقێنن، ئەنجامەکەیش: نەمانی دژمن!

سەوز: ئەوە قەمەی پێ دەڵێن. هەر جارەی بیوەشێنی ملێک دەفڕێنێ.

ڕەش: [بە گریانەوە] ئاخ ئەگەر دەتزانی چ ئازارێکی هەیە، پێی دەڵێن قامچی!

سوور: ئەمەیش پەتە، بۆ بەستنەوە و ڕاپێچی زیندانکردن.

زەرد: زیندان! چوار دیوارێکە و کەسی لێ دەرناچێ. تێ گەیشتی؟

سوور: ئەو چاک تێ دەگا!

زەرد: لەم سەرەوە دووربینە و لەو سەریشەوە، نێزیکبین! کەسێک کە تەنیا بەرپێی خۆی ببینێ، دوور نابینێ. بەڵام ئەو دووربینەی بەرپێی خۆی نەبینێ، دوور نییە سەراوسەر بەربێتەوە.

سەوز: هەرەشە باشە، سیاسەت باشە، فێڵ و درۆ و مشووریش هەروەها.

سوور: هەر دژمنێک ڕێگەچارەی خۆی هەیە!

ڕەش: ئامـادە، بۆ پێـشـەوە، هەنگاوی سـەبـر، بڕۆ! بوەسـتـە! ڕاست، چەپ، ڕاکە!

زەرد: نەخشە لە بەرانبـەر نەخشەدا، بە پێشبینییەوە دەبێ هەنگاوی دواتری دژمن پووچەڵ بکەیتەوە.

ڕەش: فـیـشـەک بەمـەیان، برین بەمـەیان، ئێش بەمـەیان، بەسـتنەوەیش بەمەیان. تێ گەیشتی؟

سوور: ئەو چاک تێ دەگا!

زەرد: ئەگەر زانیتان شانازیی دروستکردنی ئەو هیی کاممانە؟

سـەوز: خـاکـەڕایـی حـوکم دەکـا بەندە بـاسـی خـۆم نەکـەم، بەڵام سـوپاسـی هەستی بەتینتان دەکەم.

سـوور: هـاوبیـران نەزەری لـووتفـیـان هەیە، نازانم چۆن و بە چ زمـانێک سوپاسیان بکەم.

سەوز: حاشا، نەخێر، تکاتان لێ دەکەم، من هیچ بانگەشەیەکم نییە.

سوور: دەترسێم شـیـاوی ئەو لووتفە نەبم کە هاوبیرە بەڕێزەکان لە ئاست خزمەتەکانمدا دەینوێنن.

زەرد: بەشی ئێمە قووت درا.

ڕەش: کڵاوی ئێمەیش با بردی.

سەوز: بریا قسـەی کردبا و بە زمانی خۆی و بێ هیچ زێدەگۆییـیەک بیگوتبا، خۆی بە قەرزداری کاممان دەزانێ.

سوور: بەو کەسەی هەڵی بەست.

زەرد: بەو کەسەی بیری پێ بەخشی.

سەوز: بەو کەسەی بۆچوونە ژینبەخشەکەی ژیانی پێ بەخشی.

ڕەش: بەو کەسەی حەمباڵیی بۆ کرد.

هەموویان: من... من...!

زەرد: دەی باشە، ئێمە ئەم شانازییە لەناو خۆماندا بە یەکسانی دەبەشینەوە و سوپاسی هەموومان دەکەین.

سوور: دەم خۆش! ئێستا ئیتر دەتوانین بێ هیچ خەمێک، خەریکی کار و کاسبیمان بین. [دەست هەڵدێنێ] با بڕۆین.

ڕەش: جارێ بە دوعا.

داوەڵ: بۆ کوێ؟

[ئەوانەی بە تەمان بڕۆن، ڕادەوەستن.]

ڕەش: [خۆشحاڵ] ئای... خۆ قسەی کرد.

ڕەش: دەی. کەواتە بە یارمەتیتان.

داوەڵ: بۆ کوێ؟

[داوەڵ لە یەک بە یەکیان دەڕوانێ]

سوور: وا بزانم دەیەوێ سوپاسمان بکا. هەرچۆنێک بێت سوپاسێکمان قەرزدارە.

ڕەش: بیخە سەر حسێبەکەی.

داوەڵ: [بە گریانەوە] وای لە حاڵم وای لە بارم.

سوور: دیارە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئێمەدا هەست بە نەتوانین دەکا.

زەرد: ئای چ ڕاستییەک لەم دانپێدانانەدا هەیە. ئەو دەیەوێ هەر هێندەمان خزمەت بکا کە لە توانایدایە.

داوەڵ: من تاکم. هەم ئازار دەکێشم و هەم چێژ دەبینم.

سوور و زەرد: [گێژ] ها؟

سەوز: خەمت نەبێ، ئەگەر هاوشانێکت هەبا، دوور نییە دەرەقەتت هاتبا.

داوەڵ: [بە پێکەنینەوە] کـەواتە نابێ هاوشـانێکم بۆ دروست کـەن، مـرۆ لە گەورەییدا، دەبێ تاک بێ. کە تاکیش بیت، واتە تەنیایت!

سوور: لۆجیکەکەی هیچی کەم نییە.

زەرد: لەوانەیە زۆریشی هەبێ، زۆرێک کە دەکرێ مایەی نیگەرانی بێت.

داوەڵ: باشە، ئەگەر لێم ڕازی نەبن چی دەقەومێ؟

[هەموویان سەیری یەکتر دەکەن]

داوەڵ: من چیم بەسەر دێت؟

ڕەش: ڕاست دەکا. ئەگەر وای لێ هات، چی بکەین؟

زەرد: ئەم شتانەی پێمان داوە، هەر هەمووی لێ دەستێنینەوە.

ڕەش: چۆن چۆنی؟ خۆ ئێمە هیچمان نەماوە.

زەرد: نان و ئاوی لێ دەبڕین.

داوەڵ: ئاوا... کەواتە سەرلەئاخیر بەم ئاکامە گەیشتین.

زەرد: مەبەست؟

داوەڵ: من نامـەوێ قـەت قـەت بمرم! [تفـەنگەکـەی بـەرز دەکـاتەوە] هـیچ چارەیەک نییـە. خـزمـەتکارتـان دەویست؟ ئێـسـتـا ئێـوەن کـە دەبێ خزمەتکارم بن.

سوور: وریا بە ئەو تفەنگە فیشەکی لەبەرە!

داوەڵ: باشتر! ئێوە دەبێ گوێ لە مستم بن!

سوور: چەند خۆشە، گاڵتەیش دەزانێ.

داوەڵ: گاڵتە نییە! [وێستەیەک] چەپڵەم بۆ لێ بدەن! [دەستوور دەدا] خێرا!

[هەموویان بە سەرسوڕمان و گومانەوە چەپڵە لێ دەدەن]

داوەڵ: ئاوا نا. توندتر!

[توندتر چەپڵە لێ دەدەن]

داوەڵ: [قامچییەکەی بە عەرزدا دەکێشێ] بۆم هەڵپەڕن.

[واقیان وڕ دەمێنێ]

ڕەش: ئێمە تۆمان دروست نەکردووە لەگەڵ خۆمان بە شەڕ بێی.

داوەڵ: ئێوە منتان دروست نەکردووە. جارێکی تر ئەم قسەیەم بەرگوێ نەکەوێ کە بڵێن منتان دروست کردووە. من دروست بووم. [قامچییەکەی بە عەرزدا دەکێشێ] یاڵڵا، دەی زووکەن، بۆم هەڵپەڕن!

سوور: هەر بەڕاست خەریکە فەرمانمان پێ دەدا.

سەوز: لە ڕاستیشدا ڕێک وایە کە دەفەرموون.

داوەڵ: گوێم لە سرتەسرت نەبێ! ویتەویت؟ چاوەڕێی چی دەکەن دەی، ڕاست، چەپ، خولانەوە! لار بوونەوە، ڕاست بوونەوە، خولانەوە! دەی!

[هەر چواریان گێژ و بە گومانەوە خولێک بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە]

داوەڵ: خۆشحاڵن، نا؟ زیاتر! دەی خۆشحاڵیی خۆتان لە جەژنی (ڕۆژی) لەدایکبوونمدا دەربڕن.

هەر چواریان: نا!

ڕەش: تەماشای کەن..

[داوەڵ بە قامچییەوە دێتە پیشەوە. هەموویان دەکشێنەوە. داوەڵ قامچییەکەی بە عەرزدا دەکێشێ، ئەوان ڕا دەکەن و ئەویش بە دوایان دەکەوێ. دەنگی پێیەکانی بە لێکدانی دوو تەختە چاکتر دەبیسرێ و دەبێتە مۆسیقایەکی شادی ئەم دیمەنە. ڕاکە ڕاکە و

وەدواکەوتن لە بازنەیەکدا. داوەڵ لەناکاو ڕادەوەستێ]

داوەڵ: ڕاوەستن، گاڵتەم کرد.

ڕەش: [لە بازنەکە دەچێتە دەرەوە] ڕاوەستن گاڵتەی دەکرد.

[هەموویان بە گومانەوە ڕادەوەستن. داوەڵ پێ دەکەنێ]

داوەڵ: ئەم جەژنە شتێکی کەمە، ئەویش ئاگربازییە! هەهە... ئێستا با یەک بە یەک تەوقە بکەین.

سەوز: [بەوانی تر] کەواتە بەڕاستی گاڵتەی دەکرد.

داوەڵ: [پێ دەکەنێ] گاڵتەیەکی خۆش بوو.

زەرد: بەڵام ئێمە شتێکمان بۆ دەرکەوت. لەوانەیە ڕۆژێک بتەوێ هەر بەڕاست ئەم قسانە بکەی... [بەوانی تر] ئێمە دەبێ بیرێک لەو ڕۆژە بکەینەوە.

ڕەش: نا کاکە گیان، ئەو کابرایەکی دڵپاکە، وەکو خۆمان ئەهلی خاکە.

زەرد: ئەگەر ڕاست دەکەی تفەنگەکەت دانێ.

سوور: قامچییەکەیش!

داوەڵ: [دەکشێتەوە] منیش خەریکە هەندێک شتم بۆ ڕوون دەبێتەوە، [دەنەڕێنێ] من خۆم خستمەوە بیرتان.

ڕەش: خۆی خستوویەتییەوە بیرمان.

داوەڵ: خەتای خۆمە. ئێوە هەر بیرتان بۆی نەچووبوو. بەڵام ئێستا هەر بەڕاست دەتانەوێ ئەمانەم لێ بستێننەوە.

سەوز: ئێمە دەمانەوێ برادەرایەتیت هەڵسەنگێنین.

داوەڵ: فریو ناخۆم. ئیدی هیچ برادەرایەتییەک لە گۆڕێدا نییە.

[بە دەستێک تفەنگەکەی هەڵدێنێ و بە دەستەکەی تری،

قامچییەکەی لە هەوادا دەسووڕێنێ]

داوەڵ: هەر چییەکی من دەڵێم دەبێ بیکەن.

ڕەش: وەی دۆشاو!

سەوز: لەگەڵ ئێمەیەتی؟

سوور: تەواومان کرد!

داوەڵ: چۆک دادەن! دەی، زووکەن!

زەرد: ئاخر تۆ ڕێیەکانی ئاشتبوونەوەت لێ گرتووین.

داوەڵ: چۆک دادەن! خێرا، دەی!

[بە هاتوهاوارەوە دەچێتە پێشەوە، دەنگی پێیە تەختەکانی... هەر کامێکیان لە ترسان بە لایەکدا ڕادەکەن. سوور، چاوەکانی نووقاندووە و گوێیەکانی بە هەردوو دەست داپۆشیوە و لە ترسان بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. داوەڵ بەدوای ئەوانی تردا ڕای کردووە و بە نەڕەنەڕ لە شانۆ چووەتە دەرەوە.]

دەنگی داوەڵ: هۆ....ی.... هۆ.....ی!

سوور: [ڕادەوەستێ و بەترسەوە چاوەکانی دەکاتەوە] بینەرانی خۆشەویست! مەبەستی ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئەمە نەبوو. نازانم کوێی کارەکەمان هەڵە بوو. بیریشمان لێی نەدەکردەوە. [سەیری دەرەوە دەکا و بە هەردوو لەپ لەسەری خۆی دەدا] ئەی هاوار... کاتی ڕاوەستان نییە. وەزعێکی تووش و ئاڵۆزە.

[بە غار لە لایەکەوە دەچێتە دەرەوە. زەرد لە هەمان لاوە و بە هەناسەبڕکێ دێتە ژوورەوە]

زەرد: کێ بیری لە شتێکی وا دەکردەوە؟ کێ بیری لە شتێکی وا دەکردەوە؟

[سەوز بە هەناسەبڕکێ و لەلایەکەی ترەوە دێتە ژوورەوە]

سەوز: خەتای تۆ بوو. ئەم بیرە هیی تۆ بوو.

زەرد: بەڵام تۆش پەسەندت کرد. وا نییە؟

سەوز: دەتەوێ تاوانبارم بکەی؟

زەرد: تۆیش هاوکاریمانت کرد، دڵگەرمیت پێ داین.

سەوز: من نەمدەزانی ئاکامەکەی ئەوە دەبێت.

زەرد: مەگەر تاڵح و بەختت نەگرتەوە و چاک نەهات؟

سەوز: چاک هات، بەڵام دیارە بۆ ئەو!:

زەرد: [زەرد بە ترسەوە سەیری دەرەوە دەکا] کارێک بکە.

سەوز: خوایە تۆبە... سەت جار تۆبە!

[هەرکام بە لایەکدا دەچنە دەرەوە. لە هەمان کاتدا ڕەش تێهەڵدەدرێتە ژوورەوە]

ڕەش: [ڕوو لە دەرەوە] بەمن دەوێری؟ [قۆڵ هەڵدەماڵێ] لە من دەدەی؟ [دەچێتە پێشەوە] ئێستا حاڵیت دەکەم. [دەڵێی شتێکی پێ دەکەوێ، تەقڵەیەک لێ دەداتەوە] ئاخ!

[هەڵمەتێکی تر و تەقڵەیەکی تر، زەرد لەو لاوە پاشەوپاش دێتە ژوورەوە]

ڕەش: ئاخ! ئۆخ!

زەرد: [ڕادەچڵەکێ] کێ بوو؟ [یەکتری دەبینن] ئەوە لەژێر دەست و پێمدا چ دەکەی؟

ڕەش: دەست و پێی تۆ لەو ناوەدا چ دەکەن؟ [ئازارەکانی بە بیر دێنەوە] ئەی هاوار، سەت هاوار! زەندەقم چوو. هەناسە بوو بە تاسە.

زەرد: کڕووزانەوە بەسە. دەبێ بیرێک بکەینەوە.

ڕەش: من هیچ شتێکم بە مێشکدا نایە.

زەرد: جا تۆ مێشکت هەیە؟

[زەرد بە ترسەوە سەری دەردەکێشێ و سەیری ئەملا و ئەولا دەکا]

ڕەش: دەڵێم: وا بزانم ئەگەر تۆقەمان لەگەڵی کردبا، ئەوەمان بەسەر نەدەهات!

زەرد: سەرپووت! ئەو بە تەما بوو تاقیمان بکاتەوە، یەکە بە یەکە!

ڕەش: [بە داوەڵ کە لەوێ نییە] بەدفەڕی خوێڕی!

زەرد: کەس بەرگەی ناگرێ. من بیری خۆمم کردووەتەوە. ئەگەر هیچ ڕێیەکمان نەبوو، خۆم دەکوژم.

ڕەش: [تێ نەگەیشتووە] چ دەکەی؟

زەرد: خۆکوشتن. لە ئابڕووچوون گەلێک چاکترە.

ڕەش: [تێ نەگەیشتووە] لە چی چاکترە؟

زەرد: لە ئابڕووچوون.

ڕەش: [ڕادەپەڕێ] هات!

زەرد: دەبێ پێکەوە بین [بە ڕاستدا دەڕوا] وەرە!

ڕەش: [ڕای دەگرێ] لەوێشە!

زەرد: [بە چەپدا دەڕوا] بەم لایەدا.

ڕەش: [ڕادەوەستێ] لەوێشە!

زەرد: [دەکشێتە دواوە] بەو لایەدا.

ڕەش: لێرەشە.

[قاقای ترسێنەری داوەڵ. سەوز و سوور زەندەقیان چووە و ڕادەکەنە ژوورەوە]

سەوز: خوایە ئەم عەزابە چییە؟ ئێمە چ گوناهێکمان کردبوو؟

سوور: من پێشبینیم کردبوو. پێشبینیم کردبوو!

زەرد: بەڕاست؟ ئەدی بۆ هیچت نەگوت؟

سوور: دەبا هاوارم کردبا؟

زەرد: کە دەنگت نەکرد یانی تۆیش ڕات لەسەر بوو.

سوور: من تەنیا بۆ ڕێزلێنان لە جەنابت بوو کە دەنگم نەکرد.

زەرد: تۆ زۆرت پێ چاک بوو و لە دروستکردنیشیدا بە شانازییەوە بەشداریت کرد.

سوور: [زەرد نیشان دەدا] سوچی ئەو کەسە بوو کە قسەی کرد.

زەرد: [سوور نیشان دەدا] سوچی ئەو کەسە بوو کە دەنگی نەکرد!

سەوز: سوچ تەنیا ئەوە بوو کە ئێمە هیچکامێکمان نەماندەزانی.

ڕەش: کەواتە بێ سوچ لەم نێوانەدا بەس داوەڵە، ها؟ ڕاوەستن! [گوێ هەڵدەخا] وا بزانم هیچ باسێک نییە.

سوور: بەڵێ. ئیتر بەدوامان ناکەوێ.

ڕەش: سەتاسەت زانیویەتی کارێکی خەراپی کردووە و پەشیمان بووەتەوە.

زەرد: قسەی قۆڕ! [گوێ هەڵدەخا] شێوازەکەی گۆڕیوە.

ڕەش: چییەکەی گۆڕیوە؟

زەرد: شێوازەکەی!

سوور: زۆر بێدەنگە. بێگومان پیلانێکی هەیە.

سەوز: وەرن سوودێک لەم هەلومەرجە وەرگرین و بیرێک بکەینەوە!

زەرد: باشترە پەیمانی دۆستایەتی ببەستین. پەیمانێک کە تا دوا هەناسە لێی لا نەدەین.

ڕەش: [ڕوو لە سوور] پەیمان، چییە؟

سوور: لە خۆی بپرسە!

زەرد: پەیماننامە! پەیمان دەبەستین کە لە هەموو شوێنکدا هەر پێکەوە بین و پشتی یەکیش قەت بەر نەدەین.

ڕەش: دەم خۆش. ڕەحمەت لە قەبری بابت!

زەرد: کەواتە ئامادەن؟

سەوز: ئامادە!

ڕەش و سوور: ئامادە!

[زەرد ڕادەکاتە سەر چوارپایەکە و ئەوانی تر، لێی کۆ دەبنەوە.]

هەموویان: ئێمە...

زەرد: پێکەوە.

سوور: لە پاڵ یەکتر.

سەوز: لە ئاست یەکتر.

ڕەش: بە یارمەتیی یەکتر.

زەرد: یەک دڵ و یەک زمان.

سوور: یەک ڕەگ و یەک ڕیشە.

سەوز: یەکسان و یەک پارچە.

زەرد: سوێند دەخۆین.

هەموویان: سوێند دەخۆین!

زەرد: هەموو دەمێک.

سوور: لە هەموو شوێنێک.

سەوز: لە هەموو حاڵێکدا.

ڕەش: لە هەموو ماڵێکدا.

زەرد: هەر پێکەوە بین.

ڕەش: لێک جیا نەبین.

زەرد: دەست لەناو دەست.

سەوز: پێ لەناو پێ.

سوور: شان بە شان.

ڕەش: ئەژنۆ بە ئەژنۆ.

زەرد: بە برایەتی.

سوور: دووپاتی دەکەمەوە.

زەرد: بە برایەتی.

ڕەش: ئەوەیانت گوت.

زەرد: بە برایەتی.

سەوز: یاداشتی بکەن.

زەرد: خۆر گەواهە!

سوور: بە یەکسانی، بە یەکسانی، بە یەکسانی.

سەوز: دەبێ کۆبوونەوە بکەین!

زەرد: ئادەی، کۆبوونەوە!

[هەر چواریان لەسەر عەرز دادەنیشن.]

سەوز: کۆبوونەوەکەمان فەرمییە.

ڕەش: سام و شکۆتان بینی؟ بەو یاڵ و کۆپاڵەوە؟:

سەوز: دوورکوژی نێزیک بەتاڵە!

ڕەش: دەڵێم دوور نییە خێرخوازیشمان بێ. دوور نییە بە مەبەستی خزمەتکردن بێتە پێشەوە، ئێمەیش بە ڕاکردن دڵی دەشکێنین.

سەوز: مەحاڵە گیانە، مەحاڵ! ئەو هەر لە سەرەتاوە ناوەڕۆک و جەوهەری خۆی دەرخست.

ڕەش: ئەرێ کاکە ئەدی نەیگوت گاڵتەی کرد؟

سوور: گاڵتەی چی! نان ئەو نانە کە لە خوانە.

سەوز: بەڵێ برایان، کردار ببینن نەک گوفتار!

زەرد: با پێی بڵێین.

سوور: با هۆشداریی بدەینێ.

سوور: گفتوگۆی لەگەڵ بکەین.

زەرد: نابێ هیچ کارێک بکەین.

ڕەش: ئەمەیان هەر زۆر سەختە.

زەرد: تاقە کارێک کە دەبێ بیکەین، ئەوەیە کە تەنانەت ئاوڕێکیشی لێ نەدەینەوە. دەبێ وا ڕەفتار بکەین کە گوایە هەر نایبینین.

سوور: بە چاوی کراوەوە؟

زەرد: ئێمە بەم ئاوڕنەدانەوەیەمان دەیکوژین. ئێمە بۆ خۆمان خەریکی ژیانی خۆمان دەبین و وا نیشان دەدەین کە ئەو هەر لە ئارادا نییە.

ڕەش: ئەو فێڵەی کە دەیڵێی، لەوی دەکەین یان لە خۆمان؟

سەوز: بەڵێ بەڵێ، سوودەکەی؟

زەرد: کە بزانین بە تەمای چییە؟

سوور: وەک قەرەپووڵی نەژمێردراوە! نا، ئێمە نابێ دەست لەسەر دەست

دانیشین، دەبێ دەستبەجێ حسێب و کتێبمان یەکلا بکەینەوە.

سەوز: بەڵێ، وەک هەڵەیەکی زەق و چاکنەکراوە، دەبێ دەستبەجێ خەتێک بەسەر ناوەکەیدا بێنین. چاکتر وایە دەستبەجێ ناوی لەسەر ئەم خاکە بسڕیتەوە.

سوور: ئەگەر ئێمە حسێبەکەی یەکلا نەکەینەوە، ئەو حسێبمان یەکلا دەکاتەوە. ڕێیەک دەدۆزێتەوە و خەتێک بەسەر ناوی هەمووماندا دێنێ.

زەرد: نا، ئەو پێویستی بە ئێمەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر لەناومان بەرێ، لە ئاست مەترسییەکاندا بە تاقی تەنیا دەمێنێتەوە.

ڕەش: ئێمەیش ئەگەر نەبین، ئەدی خۆی بەسەر کێدا فش کاتەوە؟

زەرد: ڕاستە. ئەمەیش ئەخیرەن قسەیەکی کرد لە قسە بچێ!

ڕەش: بە دەست خۆم نەبوو!

سەوز: قسەی زەلام زەلام، دەیەوێ ئێمە گوێ لە مستی جەنابی بین.

سوور: بۆی بکەوینە سەر چۆک و... پیتاکی بدەینێ.

زەرد: دەیەوێ هەموو بیر و ئەندێشەکانمان بخەینە خزمەت جەنابیان.

سەوز: سەتاسەت دواتر دەیەوێ لە پشت سەری ڕاوەستین و نوێژیش بکەین.

سوور: یانی بیپەرستین!

ڕەش: حای... پاشانیش حەز دەکا بە دەهۆڵ و زوڕناکەی هەڵپەڕین!

سوور: ڕاستە.

ڕەش: تەنانەت بە بێ دەهۆڵ و زوڕنایش!

زەرد: دەکرێ قسەی قۆڕ نەکەی؟

ڕەش: تا ئێستا تاقیم نەکردووەتەوە.

زەرد: بەڵێ مەبەستی ڕێک ئەم شتانەیە و ئێمەیش نابێ مل بدەین.

ڕەش: دە وەڵڵا... بزنە و نانی شوانی خواردووە.

زەرد: دەبێ بیـرێک لەوە بکەینەوە چۆن ئەو شـتـانەی لێ بسـتـێنینـەوە کـە داومانەتێ، قامچی، تفەنگ، فیشەک...

سوور: تەنانەت ژیانیشی!

سەوز: هەڵبەت ئەگەر بە پێویستمان زانی.

زەرد: ئێمە دەبێ لە یەک دانەبڕێین و بیر و بۆچوونەکانمان بە یەکتر بڵێین، تا لە کۆتادا ڕێیەکی ڕاست و دروست دەدۆزینەوە.

سوور: خێراتریش بێ، باشترە!

سەوز: ئەمڕۆ لە سبەینێ باشترە، ئەم ساتەیش لە ساتێکی تر!

زەرد: جـارێ هەر کـاممان بە لایەکدا دەڕۆیـن و وا نیـشـان دەدەین کـە هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

[دوور دەکەونەوە]

ڕەش: بێدەنگ!

سەوز: کپ و بێدەنگ!

زەرد: هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

[هەرسێکیان دەچنە دەرەوە و سوور دەمێنێتەوە]

سوور: [خۆشحاڵ] بەپێچەوانەوە! بەپێچەوانەوە بینەرانی بەڕێز، شتێکی گـرینگ ڕووی داوە و ئەویش ئـەوەیە کـە ئێـمـە پێکەوەین... لـە هەر شوێنێکیش بین هەر خەریکی بیرکردنەوەین.

[داوەڵ هەر لـە ناکـاو دەنـەڕێنێ و دێتـە ژوورەوە. سـوور دڵـی خـۆی گرتووە و خەریکە دەبوورێتەوە.]

داوەڵ: هەها هەها!

سوور: [بەسەر ترسەکەیدا زاڵ دەبێ] سڵاوتان لێ بێ قوربان. تەندروستیتان باشە؟ خۆ دڵەندییەک، ناخۆشییەک، ئازارێکتان نییە شوکر بۆ خوا. بەندە خەریک بووم بێرەدا تێ دەپەڕیم. بە لوتفی جەنابتان.

داوەڵ: بە لوتفی من...

سوور: بە لوتفی جەنابتان، ڕێگەوبان زۆر خۆش کراون، تێکڕا ساف و ڕێک و تەخت هەر هەموویشی دار و درەخت، [ئارەقەی دەسڕێتەوە] ئای لەم خۆرە، بەڕاستییش قوربان، ئەم خۆرە لەژێر لووتف و مەرحەمەتەکانی جەنابی موبارەکەدا، تیشکێکی دڵڕفێنی لێوە دەپژێ. گەرما قوربان، گەرمایەکی خۆش و فێنکە. دوور نییە وردە وشکەساڵییەکمان بێتە بەر، بەڵام نابێ لێی بترسێین، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی بازاڕ... یانی لە سای لوتف و بۆچوونە زێڕینەکانتان قوربان، ئەوپەڕی پێشکەوتنێکی سەرسامهێنەر بە نسیبی ئێمەی بەندەکانت.

داوەڵ: کۆبوونەوەکەتان سیخوڕێکی تێدا بوو.

سوور: [داچڵەکاو] یانی، مەبەستی جەنابتان ئەوەیە کە...

داوەڵ: چاک تێ گەیشتی!

سوور: [لە ناکاو دەکەوێتە سەر چۆک] قوربان! من بازرگانێکی بچووکم و هیچی تر. کڕین و فرۆشتنێک دەکەم، ئەویش شایانی گوتن نییە. نانێکی نەمر و نەژی، ئەویش لە سایەی سەری جەنابتانەوە. نانێک دەخۆم دووان دەکەمە خێر [بە زۆری پێ دەکەنێ] هەر بەڕاست، بەم دواییە شتومەکی چاکمان هێناوە، هەر هەمووشیان شایانی جەنابی موبارەک. نەخێر قوربان، باج نییە [بە هێواشی] دیارییە.

بەندە لە قووڵاییی دڵەوە...

داوەڵ: من... [سوور ڕادەوەستێ] چاوم زۆر تیژن.

سوور: زۆریش جوانن قوربان!

داوەڵ: تۆ خەریک بوویت لە دەستم ڕات دەکرد.

سوور: بەندە قوربان؟... بەندە پێم وا بوو خۆتان حەز ناکەن بۆر و بۆگەنێکی وەک من بکەوێتە بەرچاوە ماقووڵەکانتان.

داوەڵ: بە ڕاست؟

سوور: دەنا ئەمەیان خیلافی مەیلی بەندە بوو. دەزانن من تەنیا بازرگانێکی بچووکم و هیچی تر.

داوەڵ: ئیزنت دەدەمێ هەمان بازرگانە بچووکەکە بیت.

سوور: خوا گیان چ لوتف و مەرحەمەتێ! قوربان ڕوخسەت بفەرموون شانازی ئەوەم هەبێ دەستی جەنابتان...

داوەڵ: [تووڕە] حەز ناکەم هیچ کەسێ دەستم ماچ بکا.

سوور: [سیحر لێ کراو] خۆشکاندنەوەیەکی پیاوانە.

داوەڵ: [ڕەق] بەڵام ماچکردنی پێڵاوەکەم ئازادە!

سوور: [ڕادەچڵەکێ] بەڵێ؟ ئاها، بەڵێ، پێڵاو! [بە نابەدڵییەوە] بەوپەڕی شانازییەوە.

[پێڵاوەکەی ماچ دەکا و هەڵدەستێتەوە]

سوور: قوربان، خۆ ئەم شتانە هەر لە نێوان خۆماندا دەمێننەوە؟

داوەڵ: پێویستە؟

سوور: ڕاستییەکەی ئەوەیە من دەمەوێ لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بژیم.

داوەڵ: ئەویش بە شێوەیەکی موحتەرەمانە.

سوور: منیش بۆ خۆم کەسێکم قوربان.

داوەڵ: چ باشتر لەوەی کە هەبیت؟

سوور: بۆ لەناوبردنی هەر جۆرە گومانێک...

داوەڵ: بەڵێ، بەڵێ، بۆ دەست پێ ناکەی؟

[سوور هەر لە ناکاو بەرۆکی خۆی دادەدڕێ. داوەڵ بە قامچی لە بەر پێی دەکوتێ.]

سوور: هەی ئامان سەت ئەمان، هەی گریان سەت فیغان.

داوەڵ: داکەوە. بگەوزە. بناڵێنە!

سوور: ئای مردم، مردم خەڵکینە مردم.

داوەڵ: های... های.. [بێدەنگ دەبێ] سرنجی هیچ کەسی ڕانەکێشا؟

سوور: کەسێک خەریکە دێ.

داوەڵ: های... هۆی... های... های های هۆی!

[دەچێتە دەرەوە. سوور دەگری و دەگەوزێ، سەوز لەلایەکی ترەوە دێتە ژوورەوە.]

سەوز: چی بووە گیانەکەم چی قەوماوە؟ [ڕادەوەستێ] ئەوە هەنیسک دەدەیت؟

سوور: سەرم!

سەوز: دێشێ؟

سوور: لەشم. دەست لە برینەکانی لەشم مەدە!

سەوز: برین؟

سوور: ئێمە بە دەستەوە دراوین. سیخوڕێکمان تێدا بووە.

سەوز: قسەبەر؟

سوور: ئەو لە کون و کەلەبەری هەموو شتێک گەیشتووە. ئەی هاوار! چ بەڵایەکە... ئاخ!

سەوز: کەواتە تۆی ئەشکەنجە دا! [توورە] یەکێک دەبێ پێشی بگرێ، یەکێک دەبێ لە دەمی بدا.

سوور: ئای زگم، پشتم.

سەوز: ئارام بە. من ئەم بەرپرسیەتییە قبووڵ دەکەم. دەرسەکانی باو و باپیرانمان چی بوون؟ بەڵێ، شۆڕش و شەهیدبوون! نە کەمتر و نە زیاتر! خۆ بەدەستەوەدان لەلای ئێمە قەت نەبووە و نییە و نابێ. ئێستایش ڕێک کاتی ئەوەیە دەستی خواوەند لە قۆڵی منەوە بێتە دەر!

سوور: ئەوە لەولا چ باسە؟

سەوز: دەنگێکت بیست؟

سوور: برارۆ... ڕێگەی دەرچوون لە کام لایە؟

سەوز: ئارام بە، گیانە، ئارام. ڕاوەستە و هەموو شتێک بە چاوی خۆت ببینە!

سوور: هەر ئەوەندەی کە لێیم دیوە بەسمە، ئیتر بەرگە ناگرم!

[دەچێتە دەرەوە. داوەڵ بە شین و ڕۆڕۆ دێتە ژوورەوە]

داوەڵ: لە کوێیە؟ چیی لێ هات؟

سەوز: ئەوە تۆیش دەگریەیت؟

داوەڵ: زگم پێی دەسووتێ، هەر بە ڕاستی زگم پێی دەسووتێ.

سەوز: تۆ ئەشکەنجەت داوە. قامچییەکەت هێشتا بۆنی خوێنی لێ دێ.

داوەڵ: خوایە کەی ئەم دەستەم دەبڕییەوە؟

سەوز: کارەساتێکی دڵتەزێن. کردارێکی نامرۆڤانە.

داوەڵ: ناچاری کردم! [لە ناکاو دەکشێتەوە] چ خوێنێ بوو، چ شەپۆڵێک بوو لە خوێن!

سەوز: باسی چی دەکەی؟

داوەڵ: سووکایەتیی پێ کردم. دەستەویەخەم بوو. ناچاری کردم.

سەوز: [توورە] تۆیش ئەو کارە دڕندانەیەت کرد؟

داوەڵ: دڕندانە. بەڵێ دڕندانە. چ لێدان و تێهەڵدانێک بوو. یارمەتییم بدە. تکایە یارمەتییم بدە.

سەوز: من؟

داوەڵ: بەڵێ، ئیتر نامەوێ هیچ کەسێک ئەشکەنجە بدەم. من مرۆیەکی دڵڕەقم. دەبێ کەسێکی تر قۆڵ هەڵماڵێ. کەسێکی دڵنەرم.

سەوز: ئەوەیان جێی خۆشحاڵییە.

داوەڵ: کەسێکی وەک تۆ.

سەوز: فڵتەفڵت!

داوەڵ قبووڵی بکە. لە پێناو ڕزگارکردنی برادەرەکانت قەبووڵی بکە.

سەوز: قسەی قۆڕ!

داوەڵ: مەگەر ئەرکی تۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکان نییە؟

سەوز: بەڵێ، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەست تۆ، نەک بە دەستی تۆ.

داوەڵ: [بە گریانەوە] ئیتر نامەوێ ئەو کارەساتە دووپات بێتەوە. یارمەتییم بدە، پێم بڵێ چۆن لەگەڵ کەسی دواتردا بجووڵێمەوە.

سەوز: [حەپەساو] کەسی دواتر؟

داوەڵ: ئادی. ئەو ناوی کەسێکی هێنا.

سەوز: [تۆقیو] ناو؟

داوەڵ: بەڵێ، ناوی کەسێکی لەژێر ئەشکەنجەدا هێنا. ناوەکە چی بوو؟ [بیر دەکاتەوە] لە بیرم نەماوە، بەڵام گوتی وەک مەترسییەک لێمەوە نێزیکە. زۆر نێزیکە. گوتی دوو هەنگاو لێمەوە دوورە، یانی دەتوانم بڵێم ڕێک لەو شوێنەیە کە تۆ ڕاوەستاوی.

سەوز: [دەکشێتەوە] من؟... بێگومان هەڵەیەک ڕووی داوە.

داوەڵ: هەڵە؟

سەوز: بەدحاڵیبوون! ڕق و قین! دژمنە زانستییەکانم هەردەم چاوەڕێی هەل و دەرفەتێکن. [بە پێکەنینەوە] ئەگەر سیخوڕێک لە کۆبوونەوەکەماندا بووبێ، ئەوە خۆی شاهید بووە کە من هیچ قسەیەکم نەکردووە. [پەشۆکاو] سەت بریا بە بیرم دەهاتەوە چیم گوت. جەنابتان چاک دەزانن کە من تەنانەت دەرفەتی ئەم کارانەیشم نییە.

داوەڵ: ئەدی دەرفەتی کاری چۆن چۆنیت هەیە؟

سەوز: پشکنین و پێداچوونەوە بە دەق و بەڵگەنامە کۆنەکاندا، بە تایبەت لەبارەی میتافیزیاوە.

داوەڵ: بیستوومە زاناکان پێویستییان بە تەنیایی و بێدەنگییەکی ڕەهایە.

سەوز: زۆریش نا، قوربان.

داوەڵ: سەیرە، تەنانەت کەمێکیش؟

سەوز: [بە پێکەنینەوە] کەمێک با. بەڵام زۆر نا.

داوەڵ: کەواتە بەم ئاکامە گەیشتین کە زۆریش پێویستە [بە جەخت لێکردنەوە] بەتایبەت ئێستا. تۆ بۆت هەیە سوود لەمانە وەرگریت.

سەوز: تەنیایی...

داوەڵ: هەروەها بێدەنگییەکی ڕەها. باشتر نییە؟

سـەوز: [پـێ دەکـەنێ] ڕاست دەفـەرمـوویت. من چیم بەم قـسـانە داوە؟ من بێـلایەنم. تـەواو بێـلایەن و بە هـەمـوو بێـلایەنیـشـمـەوە لە خـزمـەت جەنابتاندام.

داوەڵ: کەواتە با تاقیی بکەینەوە؟

سـەوز: دڵنیـا بـن. من تەنانەت لە یـەکـەمین کـۆبوونەوەدا، بێـلایەنیـیـەکـەم بە هەڤاڵەکانم ڕادەگەیەنم.

داوەڵ: کەواتە کۆبوونەوەشتان هەیە؟ زۆر سوپاس بۆ ئەم هەواڵە.

سـەوز: [حـەپەسـاو] بەڵام قـوربان، من هیـچ مـەبـەسـتێکم لەم قـسـەیە نەبوو و نەمدەویست هیچ هەواڵێکت بدەمێ.

داوەڵ: مەبەستت ئەوە نەبوو؟ بەڵام من دەڵێم تۆ مـەبەستت ڕێک ئەمە بوو! تۆ هەواڵێکی گرینگت پێ دام.

سەوز: [بێ حاڵ و پەرێشان] ئەم کارەم خیانەت بوو.

داوەڵ: من نهێنییەکەت نادرکێنم [پێ دەکەنێ] سوێند دەخۆم.

سەوز: [گێژ] ئاخ، تۆبە! سەت جار تۆبە.

[بە لـۆژەلۆژ دەڕوا. بـەڵام دوای چەنـد هەنـگاوێـک دەگـــەڕێتـــەوە و بـە لایەکی تردا دەڕوا.]

سەوز: هاوار و سەت مخابن!...

داوەڵ: چی بووە؟

سـەوز: هـاتن. سـەت حـەیف و مـخـابن... من ئـیـتـر لە ڕووی برادەرەکـانمدا چاوم هەڵنایێ.

[داوەڵ پشـــتی تێ دەکـــا. زەرد و ڕەش لەلای چەپـەوە و بە پـەلە دێنە ژووروە.]

زەرد: [خۆشحاڵ] ئەوە هاتین... [سەوز دوور دەکەوێتەوە] بۆ کوێ؟ [سەوز ڕا دەکا] فیکر و بیری نوێ!

[سەوز بە پەرێشانییەوە دەچێتە دەرەوە.]

زەرد: گوێ بگرە [بە دوای سەوزدا دەڕوا] من بیرێکم کردووەتەوە... [بە ڕەش] بۆچی ڕۆیشت؟

ڕەش: دیارە فیکرەکەتی بە دڵ نەبوو.

زەرد: خۆ من هێشتا نەمگوتووە.

ڕەش: جا بزانە ئەگەر بتگوتبا چی دەقەوما.

زەرد: یانی ئێمەی نەدیت؟ بەڵام من بانگم کرد.

ڕەش: دەبا هاوارت کردبا.

زەرد: با بە دوایدا بچین.

ڕەش: ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوی تریان بێت. تۆ لێرە بە. من دەڕۆم و دەیهێنم.

[بە دوای سەوزدا دەچێتە دەرەوە. داوەڵ لەسەرەخۆ دەگەڕێتەوە.]

داوەڵ: ماندوو نەبیت!

زەرد: [ئاوڕێکی لێ دەداتەوە و دادەچڵەکێ] ماندوو نیم.

داوەڵ: بیستوومە پلانی زۆرت هەن.

زەرد: کەم تا کورتێک.

داوەڵ: پلانی خراپ، ئەویش دژ بە من.

زەرد: هەرچییەکم لە دەست بێت، درێغی ناکەم.

داوەڵ: کەواتە ڕاستە.

زەرد: لێتی ناشارمەوە.

داوەڵ: دەی باشە، من چیم پێ دەکرێ؟

زەرد: هەر چییەکت لە دەست دێ، بیکە.

داوەڵ: تۆ دەتەوێ ببیتە پاڵەوان. ها؟ بەڵام مـن نامەوێ بتکەم بە ئەفسانە. وا بزانم کۆبوونەوەیەکتان لێرە هەیە.

زەرد: هەر بۆیەیش ئێرە جێی تۆ نییە.

داوەڵ: ڕاستە، ڕاستە. کەواتە تۆ دژی منیت.

زەرد: دژ نا، دژمن!

داوەڵ: دژمنایەتییەکی سەرسەخت.

زەرد: سەرسەخت نا، خوێناوی!

داوەڵ: زۆر خۆشحاڵم.

زەرد: [حەپەساو] خۆشحاڵ؟

داوەڵ: من ئیـزنی ئـەوەت پێ دەدەم کـە دژمـنم بیت. ئـەمـەیش دەبێـتـە هۆی بەخۆنازینم.

زەرد: ئەم قسە قۆڕانە چییە دەیانکەی؟

داوەڵ: هیـچ بیــرت لێی کــردووەتـەوە؟ تۆ بە دژایەتیکردنت، ترسناکــتــرم دەکەیت. ئەمـەیان زۆر باشە. مـن گەورەتر و گـەورەتر دەبم و ئێوەیش بچووک و بچووکتر. ئەوسا، هیچ کەس زات ناکا، بەرەو ڕووم بێتەوە.

زەرد: لەوچەلەوچ! تۆ بەم قسانە دەتەوێ، خەباتەکەم بێ نرخ بکەیت. دەتەوێ ناچارم بکەیت پاشـەکشـە بکەم. بەڵام من ئامـادە نیم ئەو ڕۆڵە بگێـڕم کە تۆ پێت خۆشە. ئادی من پەرە بە دژایەتییم دەدەم.

داوەڵ: هـەر ئەو دژایەتییـەی من پێم خـۆشـە. ئەمـە واتە خـولانەوەی بێ مـانا. خۆ تۆ ئەم شتانە چاک دەزانیت.

[زەرد، پشـــتی تێ دەکـــا. لە دوورەوە، ڕەش و ســـەوز و ســـوور سەرەتاتکێ دەکەن. داوەڵ دەیانبینێ.]

داوەڵ: چەندت بدەمێ کە بە ڕاشکاوی دژایەتییم بکەیت؟

زەرد: قسەی قۆڕ مەکە!

داوەڵ: قەی ناکا، من خۆم پشتیوانییت لێ دەکەم.

زەرد: زاری بۆگەنت داخە!

داوەڵ: باشـە... زۆر باشـە، هەروا جنێوی پیسـتر بدۆزەوە، سـیفـەتی دزێو و ناحـەز. هەم ئەوان بڕوات پێ دەکـەن و هەم منیش ترسناکـتر دێمـە بەرچاو.

زەرد: وەکو برادەرێک قسەم لەگەڵ مەکە!

داوەڵ: وەکو دژمنێکت پێ باشـترە؟ بەڵام خـۆ بێـجگە لە من و تۆ، کەسـی تر لێرە نییە. بەس من و تۆین.

زەرد: [پەلاماری دەدا] تێکەڵی خۆتم مەکە.

داوەڵ: چی بوو؟ مەگەر بێجگە لە من و تۆ، کەسی تریش لێرەیە؟ [وا نیشان دەدا کـە تازە ئەوانی تری بینیوە] وای... هەمـوویان، هـەر هەمـوویان لێـرەن! دەبووا ئەمـــەیان قــەت قــەت ئاشکرا نەبا. من و تـۆ دەبووایە وریاتر بین.

[سوور و سەوز لەسەرەخۆ دێنە پێشەوە]

زەرد: زرتەبۆزی خـوێڕی! تۆ بەتەما بووی لە پێش چاوی برادەرەکانم سـووک و بێ نرخم بکەی، بەڵام بۆت نەچووە سەر! ئەوان چاک دەمناسن.

سوور: ئادی، وردە وردە خەریکین چاک دەتناسین.

زەرد: [بە وانی تر] ئەو دەیویست بڕوا و متمانەتان لاواز بکا. ئاگاتان لێیە؟

داوەڵ: بڵێ، دەی بڵێ. دیارە من شایانی ئەم بێ نمەکییەم. منێک کە مافی ڕەخنەگرتنم پێ دایت!

زەرد: تۆ؟ بە من؟

سوور: مەیکە هەرا!

زەرد: برادەرەکانم فریو ناخۆن!

سەوز: لەسەرەخۆ، تووشی هەڵچوونی هەستونەست مەبە گیانە!

داوەڵ: تێک چوو! هەمووی تێک چوو! لێی گەڕێن با جنێو بدا. با لێم بدا. مافی خۆیەتی، من ئاگام لە دەوروبەرمان نەبوو.

زەرد: هەی دێوی دەبەنگ!

سەوز: [ڕای گرتووە] تۆزێک لەسەرخۆ گیانەکەم، بێ ئەدەبی مەکە.

زەرد: زرتەبۆزی گزگل و خوێڕی!

سوور: دەی باشە، بیبڕەوە، مەیکە فشە!

[زەرد دادەچڵەکێ.]

سوور: ئێمە هەمووومان لێرە بووین. من بە چاوی خۆم بینیم.

زەرد: چیت بینی؟

سوور: حەیف بۆ ئەو ئەشکەنجەیەی کە من بەرگەیم گرت و ددانم لەسەر جەرگم دانا [دەیەوێ بڕوا] تف!

زەرد: [ڕای دەگرێ] ڕاوەستە... [بە سەوز] تۆ پێی بڵێ.

سەوز: من هیچم لە دەست نایە.

[دەڕوا.]

زەرد: گوێ لە قسەی منیش بگرن... [بە داوەڵ] ئاوا نامێنێ، هەر ئاوا بۆت ناچێتە سەر. [بە دەرەوە] گوێ لە قسەی منیش بگرن.

[بە دوایاندا دەچێتە دەرەوە. داوەڵ بە هەموو هێز و توانای خۆی پێ دەکەنێ. ڕەش هێدی هێدی دێتە پێشەوە. لە داوەڵ و دەرەوە دەڕوانێ. لە هۆی پێکەنینەکەی دەگەڕێ. سەر دەرناکا.]

ڕەش: بڵێ با ئێمەیش پێ بکەنین.

داوەڵ: [پێکەنینەکەی ڕادەگرێ] تۆیش لێرەیت؟

ڕەش: خەریک بووم تەماشام دەکرد. عەجایەب فێڵت لێ کردن ها!

داوەڵ: فێڵ؟

ڕەش: بێ وێنە بوو!

داوەڵ: هۆی، پێت لە بەڕەکەت زیاتر ڕامەکێشە.

ڕەش: بەسەری تۆ هەر هیچ بەڕەیەکم نییە.

داوەڵ: بێدەنگ!

ڕەش: یانی هەمبوو، فرۆشتم.

داوەڵ: [دۆستانە] تۆ دیارە زۆر قسەخۆشی.

ڕەش: تۆیش زۆر قسەناخۆشی.

داوەڵ: ئیشت چییە؟

ڕەش: پێمەرە دروست دەکەم و پێمەرە لێ دەدەم.

داوەڵ: حەز دەکەی لەمەودوا پێمەرەم بۆ دروست بکەیت و پێمەرەم بۆ لێ بدەیت؟

ڕەش: حەزم گوو دەخوا شتی وا بکا.

داوەڵ: با پێت بڵێم. تۆ هیچ کەست لەگەڵ نییە و تاک و تەنیای.

ڕەش: دەی جا چی بوو؟ تۆیش کەست لەگەڵ نییە و تاک و تەنیای.

داوەڵ: من گەورەم و تۆ بچووکیت.

ڕەش: تۆ قەڵەوی و من لاوازم.

داوەڵ: ڕوحم خەفەت دەخوا و لەشم کەیف دەکا.

ڕەش: دوور نییە لە داخان ڕوحت دەربچێ، بەڵام لەشت لە خۆشییان بتەقێ!

داوەڵ: هـێی... تـۆ برادەری چـاکت هـەن، زۆر چـاک! [پێ دەکـەنـێ] تف لـەم دنیـایـە پیس و بێ سـیـفـەتە... وەفـاداریی مـرۆڤ بە وەفـای سـەگ دەچوێنن.

ڕەش: سەگ؟

داوەڵ: ئادی. دەیگوت تۆ وەکو سەگ بە وەفای. چاکیش کار دەکەی، وەکو... نا. ئەمەیان زۆر خراپە، نایڵێم.

ڕەش: کێ ئەم قسەیەی کردووە؟

داوەڵ: یەکێ لە برادەرەکانت. نا... زۆرم لێ مەکە، ناوی ناهێنم.

ڕەش: کامەیان؟

داوەڵ: لەوانەیە ببیتە دژمنی.

ڕەش: تۆ ناوی ناڵێی تاکو من لە هەموویان بە گومان بم. ترحێو.

داوەڵ: من پـشـتـی تـۆم گـرت. ئەوان دەیـانگوت تـۆ لە ئەقـڵ و تێگەیشـتـندا، تۆزێک لە پاشـیت. دەیانگوت گێرەت لە هەولێرێ دەگەڕێ. دەیانگوت زۆربەی هـەرەزۆری جـاران، هـەر بە کـەرەکـەرە پلانـەکـانـیـان تێک دەدەی.

ڕەش: بەڕاست؟

داوەڵ: هەڵبەت ئەوان لەلای خۆت قسە ناکەن، بەڵام...

ڕەش: [نارەحەت] چی؟

داوەڵ: دەیانگوت تۆ شیاوی پێشکەوتن نیت!

ڕەش: [شل بووەتەوە] کەواتە ئەخیرەن ئەمەیان گوت؟ [پەرێشان] کەواتە من ئاوەهام.

داوەڵ: دیارە نارەحەت بوویت. ئەگەر وایە، هەر گوێی مەدەیە. وا بزانە هەر هیچم نەگوتووە. باشە؟ هیچ کەس هیچێکی نەگوتووە.

ڕەش: بۆچی خۆم فریو بدەم؟ ئەوان ڕاست دەکەن. من هیچ نازانم... [گەرم دادێ] بەڵام دەمەوێ دەست پێ بکەم، من دەمەوێ دەست پێ بکەم.

داوەڵ: ئافەرین!... منیش یارمەتیت دەدەم.

ڕەش: [هاوار دەکا] من دەمەوێ دەست پێ بکەم!

داوەڵ: [هوتاف دەدا] تۆیش مرۆڤیت... ئێمە هەموومان برای یەکین و تۆیش مافی خۆت هەیە! من مافی لە کیس چووت دەگەڕێنمەوە.

ڕەش: یانی چیی دەکەی؟

داوەڵ: مافی ئەوەت دەدەمێ کە ببیتە خاوەنی کراسەکەی بەرت.

ڕەش: دۆشاو! خۆ کراسەکەم هەر هی خۆمە.

داوەڵ: ئازادیت دەدەمێ. دەزانی ئازادی چییە؟ نا، نازانی. تۆ لە مەودوا ئازادی.

ڕەش: جا چ دەبێ؟

داوەڵ: تۆ ئازادی لە وەزعی خۆت ڕازی بیت. تۆ ئازادی کە زیاتر ئیش بکەی و بۆ ڕزگارکەری خۆت نزا بکەی و بپارێیتەوە.

ڕەش: نزا... ئادی چاکت گوت [دەکەوێتە سەر چۆک و دەستەکانی هەڵدەبڕێ] خوایە لوتفێک بکە ئەم دێوەزمەیە تۆزقاڵێک ئاقڵ بێ.

داوەڵ: ئامین.

ڕەش: نەختێک شەرەفی بدەیە.

داوەڵ: ئامین.

ڕەش: سەرەدەرزییەک غیرەت.

داوەڵ: چیت گوت؟

ڕەش: [هەڵدەستێتەوە] ئەگەر ناتەوێ، ئەوە هیچ!

داوەڵ: لێی دەوە!

ڕەش: پیس دەبێ.

داوەڵ: [حەپەساو] دەستی من دەگێڕییەوە؟

ڕەش: کەس قبووڵی کردبوو؟... [پێ دەکەنێ] دەستم بۆ هەر کەسێک درێژ کرد، پشتی تێ کردم.

داوەڵ: تۆ زیاتر لە بەشی خۆت پێ دەکەنی!

ڕەش: شتێکیش تەڵەبکارم.

داوەڵ: واز ناهێنیت، ها؟ تو سەری من وەرە و کەمێکی لێ دابشکێنە.

ڕەش: داشکاندن بەسەری تۆ لەوە زیاتر نابێ.

داوەڵ: تو مەرگی من، هەر کەمێک پێ بکەنە.

ڕەش: باشە، ڕاوەستە تا دەمری.

داوەڵ: لێت دەدەم ها!

ڕەش: [بە گریانەوە] ئای...

داوەڵ: چی بوو؟ خۆ هێشتا لێم نەداوی؟

ڕەش: لێت نەداوم؟ وام زانی لێت دام.

داوەڵ: [تووڕە] سەگە! تۆ زۆر زیرەک و وریایت. تۆ جێگەی مەترسییت.

[بە قامچییەوە پەلاماری دەدا، ڕەش دەکشێتەوە.]

داوەڵ: گوتت پێمەڕە دروست دەکەی؟

ڕەش: ئادی، پێمەڕەی چاکیش دروست دەکەم.

داوەڵ: ئەمەشیان کارێکی مەترسیدارە، دەبێ ئاگام لێت بێ. [بە پرتاو لێی دەچێتە پێشەوە] تۆ تەنیایت! دەبێ سندووقێک دروست بکەی.

ڕەش: [ترساو] دەتەوێ لەوانی ترم جودا بکەیەوە؟

داوەڵ: ئێستا ئیتر هەمووتان لە یەکتر جودان. دەی زوو کە دەی... دەبێ سندووقێک بۆ خۆت دروست بکەیت.

ڕەش: هۆۆۆۆی... بمگەنێ!

داوەڵ: [پەلاماری دەدا] زووکە! دەی! زوو!

[دەنگی تەختەکان، ڕاوی ڕەش دەنێ و دەچنە دەرەوە. زەرد، پەشۆکاو و سەوز و سووریش بە کاوەخۆ، دێنە ژوورەوە.]

زەرد: دەنگی ئەو بوو، دەنگی ئەو بوو.

سوور: دەی جا چی بوو؟

زەرد: داوای یارمەتیی دەکرد.

سوور: ئەدی بۆ یارمەتیی نادەیت؟

زەرد: بە تاقی تەنیا و بە دەستی بەتاڵ؟

سوور: ئاگات لە زارت بێت!

سوور: هاوبەشتە! ئەرێ؟ ئەگەر ئەو سیخوڕ نەبێ، یانی تۆیت. ئەمەیش هەمووی تڕوکەڵەکە.

زەرد: سەت جارم گوت، هیچ سیخوڕێک لەناوماندا نییە!

سوور: هەموو سیخوڕێک ئەم قسەیە دەکا.

زەرد: ئەو ئەم قسەیەی کردووە تاکو تێکمان بەردا.

سوور: زانا سەلەفییەکان گوتەنی: بەندە بۆم قووت ناچێ.

زەرد: ئەویش هەر ئەوەی دەوێ. بۆ تێ ناگەیت؟ ئەو خەریکە لە یەکتری دامان دەبڕێ!

[ڕەش لەلایەکەوە و لە حاڵێکدا تەختەدارێکی پێیە، بە جلوبەرگی دڕاوەوە دێتە ژوورەوە. داوەڵ بە قامچییەوە بە دوایدا دێ.]

ڕەش: بمگەنێ... بمگەنێ!

داوەڵ: خێراکە، دەی، زوو!

[لەلایەکەی ترەوە دەچنە دەرەوە.]

زەرد: [بێ ئۆقرە بە سەوز و سوور] دەی، چیتان بینی؟

سوور: دەتەوێ قسەم لێ دەربکێشیت؟

سەوز: کار لە کار ترازاوە.

زەرد: هێشتا نا، بەڵام ئەگەر هەروا دەست لەسەر دەست دانێین و بەس تەماشا بکەین، هەر بەڕاستی کار لە کار دەترازێت.

سەوز: جەنابتان ڕێنوێنی بفەرموون!

سوور: گوێی لێ بگرن، بەڵام ئاوڕی لێ مەدەنەوە!... دژایەتییەکی پڕ لە بەرژەوەندی! جنێو دەدا تا تۆیش شتێک بڵێیت و بچێ قسەکەت بفرۆشێ... [بە زەرد] قسەفرۆش!

زەرد: [بەرۆکی سوور دەگرێ] تۆ خەریکی خەنجەر دەوەشێنیت.

سوور: تۆ.

زەرد: تۆ.

سوور: تۆ.

سەوز: براینە، تکایە بە گژی یەکدا مەچن!

زەرد: [واز لە سوور دێنێ] بەڵام ئاخر ئەو؟

سوور: چی دەبێ با ببێ. من چوزانم لایەنگری کێیە؟

سەوز: [نیگەران] لایەنگری داوەڵ؟

زەرد: لایەنگری ئێمە!

سوور: لایەنگری خۆی!

سەوز: من پەنام بۆ خوا دەبەم.

[ڕەش لە لایەکـــــەوە، بە لەشی برینـدار و جلوبەرگی دڕاوەوە، سندووقێکی پێیە و ڕا دەکاتە ژوورەوە. داوەڵ بە قامچییەوە ڕاوی دەنێ.]

داوەڵ: خێرا، دەی خێراتر، پەل ببزێوە!

[لە لایەکەی ترەوە دەچنە دەرەوە.]

سوور: ئەمانە هەمووی سەروساختەیە. فرتوفێڵە. تیاترۆیە. گرەو لەسەر تێکڕای سەرقوفڵەکانم دەکەم، کە هاودەستی یەکترن.

زەرد: دیارە زۆر دڵنیایت... بیسەلمێنە.

سوور: ئێمە کڕیارەکانمان چاک دەناسین، ئەو کەسەی کە بینیت، دەمێکە هیچ کەس قەرزی پێ نادا!

زەرد: من هەر گومانم لەوەیە کە تۆ ئەشکەنجە درابیت. وەرە بزانم کوا جێی قەمچییەکان؟ برینەکانتم پێشان بدە بزانم؟

سوور: [داچڵەکاو] چاوچاو، داوای سەنەد و بەڵگەم لێ دەکا... من هیچ پێویستیم بەوە نییە خۆم بە برینەکانم هەڵکێشم.

زەرد: کوا؟ کوا؟

سوور: مەگەر پارەی نەختت داوە؟ خۆ من نەمگوتووە پاڵەوان و شتی وام. تۆ

گوتت.

سەوز: درۆزن! فێڵباز!

سوور: چی دەڵێی؟ من ئیتر لەگەڵ ئێوەدا نیم. نیم و تەواو!

زەرد: ئادی ئەگەر سوودێکی هەبا لەگەڵماندا دەبوویت... [بە سەوز] دە تۆیش کارێک بکە، دەی!

سەوز: من پەنا دەبەمە بەر خوا.

زەرد: چەند جار؟ قەت بیر لەوە ناکەیەوە خواوەند لە دەست ئێوە پەنا بۆ کوێ بەرێ؟

سەوز: من خۆم تێکەڵی ئەم بەزمە ناکەم. چیم بەم شەڕ و دەمەقاڵەیە داوە؟

زەرد: زۆریشت پێ داوە. دوای ئەو سەرەی تۆیە.

سەوز: هەرچییەک ڕوو بدا، هەر هەمووی ویستی خوایە. دەستی ئەو لە سەرووی گشت دەستەکانە.

زەرد: واز لەم قسە ژەنگاوییانە بێنە.

سەوز: تۆ خەریکی سووکایەتی بە من دەکەی!

زەرد: بە قسە ژەنگاوییەکانت دەکەم!

سەوز: نەخێر زەحمەت مەکێشن. هیچ داوای لێبووردنێک قبووڵ ناکەم. لێم گران هات!

سوور: لە منیش!

زەرد: باسەکە مەگۆڕە!

سەوز: هەرگیز، پێداگرتن هیچ سوودێکی نییە! ئیتر نە گوێ لە قسەیەک دەگرم و نە وەڵامێک لە منەوە دەبیسن!

سوور: لە منیش! هەر بەجارێک بێ نرخی کردی!

زەرد: کێشەی سەرەکییەکە، ئێمە نین! ئەوە! یەکێکمان تووش بووە و داوای یارمەتیمان لێ دەکا!

سەوز: کار بگاتە شوێنێ، سووکایەتی بە کراسی زانست بکرێ؟ وەڵڵا باوکم نووژەنە!

سوور: مەڵێ دنیا تەواو بوو و ڕۆژی قیامەتە!

سەوز: نا بابە، ئەم قسانە چییە!

زەرد: چاکە دەی، ئەوە ڕێگەیەکتان بۆ خۆبواردن دیتەوە. کەچی یەکێکمان لەوێ، لە چنگی ئەو دێوەزمەدا... بەڵی بۆم دەرکەوت، تۆ خۆت ڕاسپاردەیت، یەکێکتان ڕاسپێردراوە [هاوار دەکا] کامتان؟

سوور: خۆت!

زەرد: تۆ!

سەوز: تۆ!

سوور: تۆ!

زەرد: قەشمەر.

سوور: ساختەچی.

زەرد: سیخوڕ.

سەوز: زمانباز.

زەرد: پاوانکار!

سوور: مفتەخۆر.

زەرد: بەکرێگیراو.

سەوز: تۆی.

زەرد: تۆ!

سوور: تۆ!

سەوز: تەماشا!

[ڕەش، هێدی هێدی و لە حاڵێکدا کە لەژێر سندووقێکدا چەماوەتەوە، دێتـــــە ژوورەوە، چەند هەنگاوێکیش بە دوای ئەودا، داوەڵ بە پێکەنینەوە دێتە ژوورەوە و قامچییەکەی لە هەوادا دەسووڕێنێ.]

داوەڵ: هۆی! هۆی!

[هەرسێکیان حەپەساون. شانۆ تاریک دەبێ.]

## پەردەی دووەم

[شەو. چوار سندووق لە چوار سووچی شانۆ، دانراون]

هاوارێک: هۆ... هۆ... هۆی.

[مۆسیقایەکی شاد. داوەڵ بە هەنگاوی قورس و جووڵەیەکی پڕ لە زێدەڕۆیی و بە سەماکردنەوە، دێتە ژوورەوە. سەیری هەرچوار لا و سەرەوە و خوارەوە دەکا. پێ دەکەنێ.]

داوەڵ: هیچ باسێک نییە!

[بە دووربینەوە سەیری هەموو لایەک دەکا. شەیپوور لێ دەدا، گوێ هەڵدەخا، دیسان پێ دەکەنێ]

داوەڵ: هیچ باسێک نییە.

[لەناکاو ڕەق ڕادەوەستێ، دەنگی دەگۆڕێ، دۆستانە]

داوەڵ: بینەرانی بەڕێز، پێویستە شتێکتان پێ ڕابگەیەنم، ئێستا ئیدی هەموو شتێک گۆڕاوە. ئێمە، لە کۆتاییدا توانیمان پێکەوە هەڵ بکەین. یانی چارەیەکی ترمان نەبوو، دەبا یەکێک ئەوی تری ڕێنوێنی کردبا و لە کۆتاشدا هەر وای لێ هات. ئێستا وەزعێکی لەبار و بێ وێنەمان هەیە. ڕۆژگارێکی گەش. ئێستا بووینەتە خاوەنی هێمنایەتییەکی ئەوتۆ، کە لەوەتەی دنیا دنیا بووە، پێشینەی نەبووە. قبووڵ ناکەن؟ حەقتانە. دەتوانین تاقیی بکەینەوە. [بە دەنگی بەرز] سندووقی ژمارە دوو، وەزع چۆنە؟

[دەرگەی یەکێک لە سندووقەکان دەکرێتەوە و زەرد هەڵدەستێتە سەرپێ]

داوەڵ: [دۆستانە] سندووقی دووەم، وەزع چۆنە و چۆنی دەبینی؟

زەرد: زۆر چاک! سندووقەکەی من هەموو جۆرە کەرەستەی خۆشی و هێمنایەتی تێدایە. ئێمە گەرماپێوی کارەبایی و سەرماپێوی ئۆتەماتیک و بلیتی یانەسیب و رۆژنامە و کۆواری ئازاد و سەربەخۆمان بۆ دابین کراوە.

داوەڵ: ئەم هەمووەیش...

زەرد: بەڵێ، ئەم هەمووەیش، نیشاندەری ئەوەن کە ئێمە بە گەرماپێوی کارەبایی و سەرماپێوی ئۆتەماتیک و هەموو جۆرە پەردەیەک بۆ پێشگیری لە تیشکی هەتاو، تەیار کراوین. بەفرگرەکانمان لە ناوچەکەمان ساردتر نین. ئێمە خاوەنی قاڵبەسەهۆڵ، قاڵبەکەرە، قاڵبەفکر و هەموو شتێکی لەقاڵبدراوین. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ خەم و خەفەتێکمان نییە تەنیا خەمی قاڵبی نەبێ.

داوەڵ: هیچ پەیامێکت نییە؟

زەرد: پەیامی من ئەوەیە کە مرۆڤ هەردەم دەبێ پەیامێکی هەبێت.

داوەڵ: سوپاست دەکەم!

[زەرد، دادەنیشێ و دەرکەی سندووقەکەی دادەخرێ.]

داوەڵ: زمانێکی تاڵی هەیە. بەڵام هیچی لەگەڵ ناکرێ. دڵخۆشییەکەی هەر ئەمەیە. [هاوار دەکا] سندووقی ژمارە چوار!

[سندووقێک دەکرێتەوە و ڕەش هەڵدەستێتە سەرپێ]

داوەڵ: [بە دەنگێکی میهرەبانەوە] باس و هەواڵی سندووقەکەی تۆ چییە، هەڤاڵی هێژا؟

ڕەش: باشترین باس و هەواڵ!

داوەڵ: بیگێڕەوە، با ئێمەیش وەک تۆ ئومێدەوار و خۆشحاڵ بین.

ڕەش: بەڵێ، ئیستا وەزعمان گەلێک گۆڕاوە. ئێمە ئیدی ئەوانە نین کە جاران بووین. ئێمە ئێستا، ئەمەین کە هەین. یانی ئێستا کارگەمان هەیە، بەیتارمان هەیە، چاودێرمان هەن کە لە هەموو شوێنێک ئاگایان لێمانە.

داوەڵ: ئاگایان لێتانە؟

ڕەش: بەڵێ، ئاگایان لێمانە مەبادا خۆشمان لێ ڕانەبووریّ [پێ دەکەنێ] بەڵێ، گیایەکانیش خێراتر لە جاران شین دەبن. لە سایەی سەری جەنابتانەوە، مووچەمان سێ کەڕەتی جارانە...

داوەڵ: مایەی شانازییە! مووچەی جارانت چەند بوو؟

ڕەش: قوربان، هیچ!

داوەڵ: [خۆشحاڵ] دەبین؟... جاران هیچی وەرنەدەگرت و ئێستا سێ کەڕەتی جاران وەردەگریّ. ئێ؟ چیی تر؟ [بە گومانەوە] هەست بە چی دەکەیت؟

ڕەش: بەندە گەلێک خۆشحاڵم کە دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدریّ کە لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا هەست بە خۆشحاڵی بکەین.!

داوەڵ: دەم بە بزە و پێکەنینەوە بچۆرە شەڕی کوێرەوەرییەکان!

ڕەش: چ کوێرەوەرییەکی گەورەیە بۆ کوێرەوەری، هەڵبەت خودی ئەمەیش مایەی خۆشبەختییە.

داوەڵ: کەواتە ڕازییت!

ڕەش: خۆ ڕازیبوون قەدەغە نییە؟

داوەڵ: [بە پێکەنینەوە] گاڵتەیش دەکەیت؟

ڕەش: ڕێک بە قەرا جیرەی خۆمان.

[دادەنیشێتەوە]

داوەڵ: سندووقی ژمارە سێ!

[سەوز دێتە دەرەوە]

داوەڵ: تۆ هێشتا ماویت؟

سەوز: ئاهـ... ئاهـ... شەرمەزاری لوتفی جەنابتانم. لە کام لان؟ ئەم تیشکە ڕێک لە چاوم دەدا!

داوەڵ: لە کەیەوە نەهاتوویتە دەرەوە؟

سەوز: دەرەوە کوێیە و ژوورەوە کوێ؟ دەزانی؟ ئێمە زاناکان، حەزێکی زۆرمان لە بێدەنگی و دوورەپەرێزی و تەنیاییەکی ڕەهایە.

داوەڵ: بەڵێ، تۆ مجێورێکی باشیت.

سەوز: کاغەز و پێنووس! چما کاری جۆراوجۆر دەرفەتی بە خزمەتگەیشتنم دەدەنێ؟ ئێستا بەندە لە هەموو بەشەکانی زانستی، دادوەری، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پزیشکی، ئاینی و گەلێ زانستی نەدۆزراوەی تردا، خاوەن کورسیم. کتێبی جۆراوجۆر و موریدی بێ هەژمار، دەرفەتی سەرخوراندنیشم نەماوە.

داوەڵ: دوایین بەرهەمتان چییە؟

سەوز: قوربان، خەریکم مێژووی با، دەنووسمەوە.

داوەڵ: لەوانەیە حەز بکەیت ماوەیەک لە دەرەوەی سندووقەکەتدا بژیت. [بە گومانەوە] حەز ناکەیت؟

سەوز: دەرەوەی سندووقەکەم... ئاخ چما لە دەرەوەی سندووقیش ژیان هەیە؟ دەرەوەی سندووق، دنیایەکی غەریب و بێ کۆتا، سەرگەردان و بێ سەروشوێن، چی بکەم لەوێ؟ نا، نا، ئەمە حەزی ناحەزەکانمانە.

بمبەخشن، نامەوێ!

[دادەنیشێتەوە]

داوەڵ: [بە پێکەنینەوە] باشە، زۆر باشە، هەموویان ڕازین. هەر بەڕاست یەکێکیان ماوە.

[سوور، لە دوایین سندووقدا و بێ ئەوەی بانگی بکرێ، هەڵدەستێتە سەرپێ]

سوور: [تووتی ئاسا] وەزعی بازاڕ زۆر باشە. هەموو شت ڕووەو پێشکەوتنە. پێشکەوتن خەریکە بەسەرماندا دەبارێ. بەڵگە و سەنەدی بانک، نرخیان تەنانەت لە نرخی مرۆڤیش بەرزترە. قیست و قەرزی درێژخایەن، بوونەتە هۆی درەوشانەوەی ئەم چەرخە زێڕینە. بازاڕی فەرش و مافوور، دەڵێی بازاڕی مێوژە. ئێمە خۆشحاڵین. چونکە ساڵ بە ساڵ مۆدێلی ئۆتۆمۆبێلەکانمان دەگۆڕدرێ. یانی ڕێک لەو کاتەدا کە مرۆڤ لە مۆدێلەکەی پێشووی وەڕز دەبێ...

داوەڵ: سکالایەکت نییە؟

سوور: نەخێر قوربان!

داوەڵ: نیتە؟... چۆن؟

سوور: حەدم نییە قوربان!

داوەڵ: بەڵام سکالایەکت دەبێ هەر هەبێت.

سوور: نیمە قوربان!

داوەڵ: [تووڕە] دەستوور دەدەم هەر ئیستا سکالایەک بکەیت.

سوور: [ترساو] بە سەرچاو قوربان، بە سەرچاو. دەرفەت بفەرموون بیرێکی لێ بکەمەوە قوربان. ئاها... بەڵێ قوربان، قیرتاوی شەقامەکان!

داوەڵ: [بە میهرەبانییەوە] هەر باسیشی مەکە. ئەوە قەدەری خوایە و هیچی

لەگەڵ ناکرێ.

سوور: [خۆشحاڵ] ڕێک وایە قوربان، زۆریش ڕاست دەفەرموویت. من دەروونکوێرم بۆیە خەریک بوو دەکەوتمە ناو کەند و قۆرتەکان!

[بە پێکەنینەوە دادەنیشێت]

داوەڵ: کەواتە هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی. هیچ کەموکورییەکمان نییە. بەدیهێنانی ئەم هێمنایەتی و لێکحاڵیبوونەیش، ئاسان نەبوو. لە دەسپێکدا، تەنانەت زەبروزەنگیش پێویست بوو. بەڵێ زەبروزەنگ! هەڵبەت ئەویش لە پێناو بەختەوەریی خۆیاندا. هەروەک دەزانن، ڕێنوێنیکردنی خەڵک، کارێکی ئاسان نییە. بەڵێ... لە ئەنجامدا، سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. باشترین ڕێسامان دۆزییەوە. ڕێساکەیش هەر ئەمەیە کە دەیبینن. ئەوان لەوێ و ئێمەیش لێرە. هیچ سەیر نییە، ئەوان خوویان بە سندووقەکانیانەوە گرتبوو و ئێستایش دەتوانم بڵێم سندووقەکانیان خۆش دەوێ. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە چەند ساڵێکە نەهاتوونەتە دەرەوە. لەوانەیشە بیریان چووبێتەوە کە دەکرێ بێنە دەرەوە. [بزەیەک دێنێتە سەر لێو] کەواتە، ئێستا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بخەوم. [باوێشک دەدا] شەیپوورچی، هۆی... شەیپووری خەوتنم لێ بدە!

[مۆسیقایەکی شاد. داوەڵ بە هەنگاوی قورس و جووڵەیەکی پڕ لە زێدەڕۆیی و بە سەماکردنەوە دەکشێتەوە و هێدی هێدی لە تاریکیدا ون دەبێت. دوای ساتێک دەرکەی سندووقی ڕەش دەکرێتەوە و ڕەش بە نیگەرانی و ئومێدەوە سەرەتاتکێیەک دەکا. کاتێک ئەو شتە نادۆزێتەوە کە لێی دەگەڕا، نائومێد و خەمبار، دادەنیشێتەوە. مۆسیقا هەر لە ناکاو کپ دەبێ و دەنگی گریان لە سندووقی ڕەشەوە دێتە بەرگوێ]

دەنگی زەرد: وا...ها...ت...م!

[دەرکــەی سندووقی زەرد دەکــرێتــەوە و زەرد، بـە شــڵــەژاوییــەوە هەڵدەستێتە سەرپێ]

زەرد: کێ بوو؟ کێ بانگی کردم؟

[ڕەش بە خۆشحاڵییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ، بەڵام کە چاوی بە زەرد دەکەوێ، گومان دای دەگرێ]

زەرد: تۆ بوویت بڕیار بوو یەکتری ببینین؟

ڕەش: خۆت دەبێ بیزانیت.

زەرد: تۆ بوویت دەگریایت؟

ڕەش: [خۆشحاڵ] کەواتە گوێت لێ بوو!

زەرد: سەیرە، گریانت بە گوێم ئاشنایە، بەڵام خۆت ناناسمەوە.

ڕەش: من خۆمم. منم.

زەرد: پێشتر یەکترمان قەت نەبینیوە؟

ڕەش: نازانم. [بیر دەکاتەوە] لە بیرم نییە.

زەرد: دەی، کارێکت پێم بوو؟

ڕەش: نازانی؟

زەرد: نا.

ڕەش: کەواتە من بە هەڵە هاتووم. تۆ هەونیت.

زەرد: من کێ نیم؟

ڕەش: ئەو خۆی دەزانێ چ ئیشێکم پێیە.

زەرد: کێ دەزانێ؟

ڕەش: ئەوەی بڕیارە بێت.

زەرد: کەسێک بەتەمایە بێت؟

ڕەش: ئادی، یەکێک دێ و ڕزگارم دەکا.

زەرد: ڕاوەستە.

[ڕەش دادەنیشێ و دەرکەی سندووقەکەی دادەخرێ]

زەرد: [هاوار دەکا] هۆی...! هۆی...!

[سوور و سەوز سەریان لە سندووقەکانیان دەردێنن]

سوور: [بە سەوز] تۆ بووی کە هاوارت کرد؟

سەوز: مەبەستت بەندەیە؟

سوور: یەکێک هاواری کرد: هۆۆۆی...!

سەوز: دەی باشە، کێ بوو؟

سوور: تۆ نەبوویت؟

سەوز: خۆ گاڵتەت لەگەڵ ناکەم، منیش هەر بە دوای ئەو هاوارەدا هاتمە دەرێ.

زەرد: [بە خۆشحاڵییەوە بەرەو لای ئەوان وەردەچەرخێ] بەڕاستیتە؟ بە دوای ئەو هاوارەدا؟

سەوز: بەڵێ گیانە. هەردەم پێم وا بوو، ڕۆژێک دەبێ لەم کونەڕێوییە بێمە دەرێ. بەڵام دەمگوت ئەگەر هاتنە دەرەوەم پێویست بوو، دیارە کەسێک بانگم دەکا.

سوور: دەی ئێستا کێ بانگی کردی؟

زەرد: گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە تۆیش هاتییە دەرەوە.

سوور: جەنابتان؟

زەرد: من؟

سوور: ئەم جەنابە کێیە؟

سەوز: بەندە؟

زەرد: ئەی تۆ کێیت؟

سوور: دیارە یەکتر ناناسین. کەواتە لە خۆڕا هاتووینەتە دەرەوە.

زەرد: من لە خۆڕا نەهاتوومەتە دەرەوە. من لە سندووقەکەم بێزارم.

سەوز: بۆ، مەگەر لەوێ چ باسە؟

زەرد: تەنیا قڕوقەپ بوون.

سوور: چ پێوەندییەکی بەم جەنابەوە هەیە؟

سەوز: من دەبێ بڵێم...

سوور: چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟... من ئێستا خەریکی سەودایەکی گەورە و گرانم. ئەوەیش گەورەترین سەودای ژیانمە.

سەوز: ئەدی ئەوە نییە لێرەی؟

سوور: ڕێی گەڕانەوەیان نەگرتووە. خواتان لەگەڵ. جەرگم بە خەنجەر پارەکەن، باسی زەرەر لای من مەکەن.

[دادەنیشێتەوە]

زەرد: چەند بە پەلە بوو!

سەوز: سەیرە، ها! وا بزانم پێشتریش ئەم بەڕێزەم بینیبوو.

زەرد: [بیر دەکاتەوە] لەوانەیە.

سەوز: بەڵام لە کوێ؟

زەرد: لە هەموو شوێنێک، لەوانەیە لە چوارڕێیانێک.

سەوز: [پێ دەکەنێ] وایە. لەوانەیە شانیشمان بەر شانی یەک کەوتبێ.

زەرد: دوور نییە لە خۆپێشاندانێکدا، سالانی ڕابردوو.

سەوز: [پێ دەکەنێ] دوور نییە. لەوانەیە. [وێستەیەک] بەڵام ئێمە لەو کاتەوە تا ئیستا لە کوێ بووین؟ چیمان دەکرد؟

زەرد: منیش بیر لەوە دەکەمەوە. دوور نییە لە خەودا بووبین.

سەوز: [بە هەڵپەوە] لێکدانەوەیەکی چاکە، خەوێکی سەپێنراو.

زەرد: [بە هەڵپەوە] لە شەوێکی قووڵی درێژدا.

سەوز: [بە هەڵپەوە] ڕاستە. بەداخەوە زۆر ڕاستە.

زەرد: [دادەمێنێ] بەڵام، درێژاییی شەوەکە چەند بوو؟

سەوز: [گێژ] نازانم. من لە خەودا بووم.

[وێستەیەک]

سەوز: [پێ دەکەنێ] با هەر بیریشی لێ نەکەینەوە.

زەرد: لەگەڵتم. ئەدی لە جیاتی ئەو، بیر لە چی بکەینەوە؟

سەوز: ئێرە کوێیە؟

زەرد: هەمان شوێنی بەڵێندراو.

سەوز: گوتت کوێ؟

زەرد: هەر ئەو شوێنەی بڕیاربوو یەکتر ببینین.

سەوز: نەمبیست، بێ زەحمەت کەمێک بەرزتر، گوێم...

زەرد: گوێ بگرە. کەسێک بانگی کردم. منیش پێم وا بوو قەرارە کەسێک ببینم [ڕادەوەستێ و لە سەوز دەڕوانێ] تۆ هیچ شتێکت نایەتەوە بیر؟ سەبارەت بە دیدارێک لە شوێنێک؟

سەوز: لە ڕۆژی مەحشەردا گۆڕەکان هەڵدەدرێنەوە و مردووەکان لە خەوی هەزار ساڵەیان هەڵدەستنەوە. بێجگە لەمەیش، نا... نا!

زەرد: ئەدی بۆ هاتیە دەرێ؟

سەوز: لە چوار دیواری سندووقەکەمدا نەدەگونجام. هێز و گوڕم نەمابوو. هەستم کرد کاتی ئەوە هاتووە خۆم دەرباز بکەم. دەزانی؟ مشکێک لە سندووقەکەمدا، هەموو شتەکانمی خواردووە.

زەرد: [خۆشحاڵ] کەواتە ئیتر ناگەڕێیەوە!

سەوز: ئێرە، پانتاییەکەی فرەوانترە.

[ڕەش سەری دەردەکێشێ]

ڕەش: ئێوەیش ئەو نین. ها؟ ئێوەیش ئەو کەسە نین؟

سەوز: [بە زەرد] لەگەڵ من بوو؟

زەرد: جارێ تاقە ئومێدی ئەو، تۆی!

سەوز: [پێ دەکەنێ] پێم خۆشە. مرۆڤ سەیری لێ دێ کە دەبینێ ئومێدی کەسانێک بووە و پێی نەزانیوە... [سەبر بە زەرد] لە خەڵکی ڕەمەکیی دەچێ.

زەرد: ئەو چاوەڕێی دەستێکە لە غەیبەوە بێتە دەر!

سەوز: بەڵێ، هێماگەلی مێژوویی بۆ ڕۆژی سەرهەڵدان یەکجار زۆرن. گشت بەڵگە و نیشانەکانیش وەکو ڕۆژی نیوەڕۆ ڕوون و ئاشکران.

ڕەش: [خۆشحاڵ] کەی دێ؟ کەی دێ؟

سەوز: تاقە شتێک کە دیار نییە، ڕێک ئەمەیە.

زەرد: [سەبر] نائومێدی مەکە.

سەوز: زۆر دوور نا، تەنانەت لەوانەیە زۆر نێزیک، نێزیکتر لە هەموو کات و لەوانەیشە هەر ئا ئێستا!

ڕەش: پێم ڕادەبوێری؟

سەوز: زۆریش جیدیم!

[سوور، سەری دەردێنێ]

ڕەش: [ترساو] ڕاست دەکەیت، ئەوە هات. ئەها... هۆوەتانێ.

[هەموویان دەگەڕێنەوە و سەیری سوور دەکەن]

سوور: من مایەپووچ دەرچووم. ئەم سەودایە پشتی شکاندم.

[ڕەش، نائومێد دادەنیشێ. زەرد و سەوز واقیان وڕماوە. سوور هەوڵ دەدا خۆی لە بێ باریی بدا و بەزۆر پێ دەکەنێ.]

سوور: هاوڕێتان ناوێ؟

سەوز: من لە ئاسماندا بۆی دەگەڕێم.

سوور: کەواتە هیچ.

سەوز: [سەرسوڕماو] بۆ، گیانەکەم؟

سوور: من لەسەر زەویم.

[سەوز پێ دەکەنێ و دەستی درێژ دەکا. سوور پێ دەکەنێ و تۆقەی لەگەڵ دەکا. زەرد بە پێکەنینەوە دێتە پێشەوە. ڕەش سەرەتاتکێیەک دەکا. زەرد و سوور تۆقە دەکەن.]

زەرد: [پێ دەکەنێ] ئێمە ئیتر نامانەوێ بگەڕێینەوە ناو سندووقەکانمان.

سەوز: هەردووکمان!

سوور: دە فەرموو، من پێم وا بوو تەنیام.

زەرد: چاک بیرت لێی کردووەتەوە؟

سوور: بیری چی؟... مەگەر ئێوە بە تەمان چی بکەن؟

زەرد: نەمگوت کارێک دەکەین.

سوور: نا، دیارە بە تەمای کارێکن بیکەن.

زەرد: من قسەی وام نەکردووە.

سوور: ئاخر ئەگەر بە تەمای کارێک نین، ئەدی بۆ لە سندووقەکانمان هاتینە

دەرەوە؟

زەرد: ڕاست دەکا. ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکی ئاسایی نییە. هەر چۆنێک بێت هۆکارێکی هەر هەیە.

سەوز: جا پێویست دەکا، گیانە؟

زەرد: پێویستە، بەڵێ. من هەست بە شتایەک دەکەم.

سەوز: ئێمە هاتینە دەرەوە، چونکە تاقەتی سندووقەکانمان نەبوو. هەر ئەمە و هیچی تر.

زەرد: هەر ئەمە بەس نییە. دواتر.

سەوز: تێ ناگەم.

زەرد: ئێمە دەبێ هۆیەکی سەلمێنەر بۆ لێرەبوونی خۆمان بدۆزینەوە.

سوور: چاکتان فەرموو؟ هۆیەکی سەلمێنەر!

زەرد: زۆر لۆجیکانەیە ئەگەر ویستبێتمان کارێک بکەین.

سوور: چۆن دەکرێ بێکار و دەست لەسەر دەست ڕاوەستین؟

سەوز: کەم کەم خەریکە حەز لەم بابەتە دەکەم.

زەرد: هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا بەس نییە؟

سوور: چی؟

زەرد: ئا ئەوە کە زانیمان دەکرێ کارێک بکەین.

سەوز: لە خۆشیان خەریکە خەنی دەبم.

سوور: [بە گومانەوە ڕەش پێشان دەدا] ئەوە کێیە؟

زەرد: [بە ڕەش] وەرە دەرەوە. وەرە یارمەتیمان بدە، تۆیش فکرێکت هەر هەیە.

ڕەش: نا بەسەری تۆ، ئەم قسانە چییە!

زەرد: وەرە، هەموو فیکرێکمان بەکار دێ.

ڕەش: کێ دەڵێ من فیکرێکم هەیە؟ ئاخر بۆچی لە خورتوخۆڕایی بوختانم بۆ هەڵدەبەستن؟ ئاخر ئەمن لەسەروسەکوتم دەوەشێتەوە فیکرێکم هەبێ؟

زەرد: [لە سەرەخۆ بە ئەوانی تر] دەترسێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکا و پێی ڕابوێرن.

سەوز: دەی ئاگامان لێی دەبێ.

زەرد: وەرە... [هوتاف دەدا] ئێمە هەموومان بەرابەرین.

سەوز: [پێ دەکەنێ] ئەمەیان هەر شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

سوور: بەڕاست؟

ڕەش: ددانی ئەقڵم دێشێ، کەچی پێی چەپم دەشەلێ.

زەرد: قەی ناکا، بەڵام تۆ لەگەڵمان بێت، بەهێزترین.

ڕەش: دڵم شکاوە، لە جیاتی ویش ڕۆحم داغانە.

سوور: لەوانەیە بترسێ.

زەرد: لە چی دەترسێ؟

ڕەش: لەو.

سەوز: کێ؟

[ڕەش ترساو دێتە دەرەوە. بە نیگایەکی نیگەرانەوە]

ڕەش: ئەگەر لێرە بمانبینێ، لە دەوری یەک و پێکەوە...

سوور: باسی کێ دەکا؟

سەوز: ڕاست دەکا، یەکێک هەیە.

زەرد: ئادی، هەیە.

سوور: ئەوە باسی چی دەکەن؟

زەرد: کێ ناچاری کردین بچینە ناو سندووقەکان؟ کێ نەیدەهێشت بێینە دەرەوە؟ کێ نەیهێشتبوو تاکو ئێستا یەکتری بناسین؟

[وێستە]

سوور: [لە ناکاو بەرەو لایەک ڕادەکا] داوەڵ!

زەرد: [ڕادەکاتە لایەکەی تر] داوەڵ!

سەوز: [دەکشێتە دواوە] داوەڵ!

[ڕەش سەما دەکا]

زەرد: هەموو شیعرەکان...

سوور: فریومان خوارد.

سەوز: هەموو شانازییەکان!

[ڕەش سەما دەکا، ئەوانی تر جێگۆڕکێ دەکەن]

تێکڕا: قامچی! ئای! قامچی!

سەوز: چ شەوێکە ئەمشەو...

سوور: شەو سەرڕێژی سرتەسرتە.

سەوز: تەونی جاڵجاڵۆکەیە و خەریکە گشت شوێنێک دەگرێتەوە.

زەرد: هیچ هەواڵێک لە مانگ نییە.

[ڕەش، ترس و ڕاکردنەکەی دەکاتە سەما. ئەوانی تر جێگۆڕکێ دەکەن]

زەرد: لە باکورەوە تا باکوری ڕۆئاوا.

سەوز: لە باشوورەوە تا باشووری ڕۆهەڵات.

زەرد: لە ڕۆهەڵاتەوە تا ڕۆئاوا.

سەوز: بێشەڵان بێدەنگ و دۆڵەکان کپن.

سوور: فریو، ڕێگە بۆ دژمن چۆڵ دەکەن.

[ڕەش سەما دەکا، ئەوانی تر جێگۆڕکێ دەکەن]

سوور: یەکگرتنی سێگۆشە!

سەوز: پیرەژنەکانی دەیان جیل خەریکی سرتەسرتن.

سوور: ڕێککەوتنی چوارگۆشە!

زەرد: شەیپوور و کەڕەنا لێ دەن!

سوور: پێڵاوی دژمن، پاک دەکەنەوە.

[ڕەش بەردەبێتەوە، ئەوانی تر دەگەنە سەری]

سەوز: چی قەوماوە؟

ڕەش: من مردم. خوا لێم خۆش بێت.

زەرد: لە مردن مەدوێ، کاتی ژیانە. کێ دەستی دەگرێ؟

سوور: من!

زەرد: من!

سەوز: هەر هەموومان!

[ڕەش ڕادەپەڕێ.]

تێکڕا: وس! وس بن! بێدەنگ!

سەوز: ئەو ئێستا لە کوێیە؟

ڕەش: خەوتووە. وا بزانم خەوتووە.

زەرد: ئێمە مۆتەکەی ئەوین.

سەوز: خەوتن؟ شتی وا قەت نابێت.

زەرد: ئەویش مۆتەکەی ئێمەیە!

ڕەش: ئەگەر بە ئاگا بووایە، ئێستا تەشریفی نامویارەکی هێنابوو.

سەوز: یانی هێندە دڵنیا و ئەرخەیانە کە خەوی لێ بکەوێ؟ ئەم دڵنیابوونە، سووکایەتییەکە و بە ئێمە دەکرێ.

سوور: یانی لەوانەیە خەونیش ببینێ! تەنانەت خەونی خۆش خۆشیش؟

سەوز: نەخێر، بەڵێ، سووکایەتییەکی ئاشکرایە! ئەو لەوە دڵنیا بووە کە ئیدی ئێمە سەرمان بەرز ناکەینەوە، کە ناوێرین هیچ کارێک بکەین.

ڕەش: خوێنم خەریکە خوێنەکەم دەخواتەوە!

سەوز: دەبێ بیسەلمێنین کە ئاوا نییە و نابێ، دەبێ کارێکی مێژوویی بکەین.

سوور: هەڵبەت لە چوارچێوەی جوگرافیادا .

زەرد: بەس تا بەیانی وەختمان هەیە.

ڕەش: تا قووقەی کەڵەشێری بەیانی.

سوور: وایە، زۆر ڕاستە.

تێکرا: [ڕوو لە بینەران] تا کەڵەشێرێک دەقووقێنێ.

زەرد: دەی با تەوقە بکەین، ئامادەن؟

سەوز: من ئامادەم!

سوور: من ئامادەم!

[وێستەیەک. ڕەش بە گومانەوە لە هەردوو دەستی خۆی دەڕوانێ]

زەرد: ئەی تۆ؟

ڕەش: ئێمە بە تەماین چی بکەین؟

زەرد: قسەی پێ ناوێ! ئێمە بۆ ڕزگاربوون، تەنیا یەک ڕێمان ماوە!

ڕەش: من لە سندووقەکەم ڕازییم.

زەرد: درۆ دەکا!

ڕەش: [خۆی لا دەدا] من دەگەڕێمەوە.

سوور: [پێشی پێ دەگرێ] بە تەمای هەڵمان خەڵەتێنی؟

سەوز: ئامان، سەت ئامان لە دەست نیمچەدۆست!

سوور: [هێرش دەکاتە سەر ڕەش] هەرکەسێ لەگەڵمان نەبێ، دژمانە.

زەرد: [ڕای دەگرێ] ڕاوەستە بزانم... [بە ڕەش] بۆچی؟

سوور: کاکم دەترسێ.

ڕەش: نیو هێندەی تۆیش ناترسم.

زەرد: بەڵام کردارت وا نیشان دەدا کە دوو هێندەی ئەو دەترسێیت.

ڕەش: تۆ خۆت چاک دەزانی کە من چاوەڕێی کەسێکم.

زەرد: [بێ واز] هیچ کەس نایە!

ڕەش: بە خۆی دەبێ بیڵێ.

زەرد: کە نایەت چۆن بیڵێ؟

ڕەش: سەبر سەبر، هەنگاو بە هەنگاو، یەکەم: کەوتووەتە دڵمەوە. دووەم: خەونم پێیەوە بینیوە. سێیەمیش: هەر تەنیا ئەوە کە ڕزگارم دەکا.

زەرد: چوارەمیش: ئەدی بۆ هیچ هەواڵێکی نییە؟

ڕەش: پێنجەمیش: ئەو بێ هەواڵ دێ.

زەرد: شەشەمیش: پێت وا نییە بە درەنگ کەوتووە؟

ڕەش: حەوتەمیش: هەر ئەمەیش حیکمەتێکی تێدایە.

زەرد: حیکمەتەکەی چییە؟

ڕەش: دیارە... خەریکە پشوودرێژییم تاقی دەکاتەوە.

زەرد: [تووڕە] هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە. چونکە هیچێک نییە تاکو حیکمەتێکی هەبێت. ئەگەریش هەبێ، حەتمەن پشوودرێژییەکەی تۆ

که هیچ کارێک بۆ ڕزگاربوونی خۆت ناکەی، بێ تاقەتی کردووە.

ڕەش: [شل و خاو] بەڕاست؟

سەوز: [دەکۆکێ] هەڵبەت بەڵێ، لەوانەیشە نەخێر، هیچ کەس هیچ هەواڵێکی لە غەیبەوە نەهێناوە، سەرڕای ئەمەیش، کێ دەیسەلمێنێ کە چۆن؟

زەرد: ئەگەر تۆ خۆت کارێک بۆ خۆت نەکەیت، هیچ کەس لە بیری تۆدا نییە. ئەو کەسەی تۆ ڕزگار دەکا، خودی خۆتیت، نەک کەسێکی تر!

سەوز: بەڵێ، بەڵام، وەلێ!

زەرد: دەی ئێستا؟

سوور: تەح...! چەندەی لەسەر دەڕۆن!

سەوز: ئارام بە گیانە، ئارام. [لە ڕەش دەڕوانێ] «هیچ کەس فرمێسکێکت بۆ ناوەرێنێ ئەگەر تۆ مرۆڤێکی بێ کەڵک بیت»... ئەمە قسەیەکی پیرۆزە کە بێگومان کەسێک گوتوویەتی. دووریش نییە هەر قسەی خۆم بێت. بەڵێ... من بێ کەڵک نیم. تەنانەت بەشداربوونم لە ژیاندا، بێ کەڵک بوونم ڕەت دەکاتەوە.

زەرد: [بە سەوز] ئیزن بفەرموون [بە ڕەش] تۆ ناتەوێ لەگەڵماندا بیت و یارمەتیمان بدەی؟... باشە ئەم کارەی تۆ دڵی کێ خۆش دەکا؟

سوور: کابرای ملهوڕ.

زەرد: واتە دژمن. دەم خۆش. کەواتە ئەگەر لەگەڵماندا نەبیت، یانی بە دڵی ئەو کار دەکەیت.

ڕەش: [تووڕە] من بە دڵی ئەو کار ناکەم.

زەرد: کەواتە لەگەڵمان وەرە.

سوور: ئەرێ ئەم قسانە تەواو نەبوون؟... کات خەریکە بەسەر دەچێت.

سەوز: بەڵێ، بە هێواشی.

سوور: نەخێر بە خێرایی.

سەوز: هێواش یان خێرا، بەهەرحاڵ کات خەریکە بەسەر دەچێت.

ڕەش: [لەناکاو] ئەدی ئەگەر ئەو بردیەوە؟

زەرد: بڵێ بزانم، لە سندووقەکەتدا چیت هەیە؟

ڕەش: هیچ!

زەرد: کەواتە هیچێک لە دەست نادەیت. لەو حاڵەدا دەتوانی بگەڕێیەوە و سەرلەنوێ چاوەڕوان بیت.

ڕەش: چاوەڕوان؟

زەرد: بەڵێ. چاوەڕوان بیت کە وا کەسێک بێت و ڕزگارت بکا.

ڕەش: کێ بێت؟ خۆ تۆ هیچت بۆم نەهێشتەوە.

سوور: دەی، ئاخرییەکەی؟

ڕەش: با لێ دەینەوە!

سوور: [خۆشحاڵ] ئافەرین، ئێستا پیاویت. ئێستا هەموومان پێکەوەین.

سەوز: باشترە بەر لە دەستپێکردن سوێند بخۆین.

سوور: بەڵێ، سوێند دەخۆین.

سەوز: کۆبوونەوە دەکەین.

سوور: بەڵێ کۆبوونەوە دەکەین.

[هەرچواریان لەسەر زەوی دادەنیشن]

زەرد: سەرۆکی بەڕێز، ئیزن دەفەرموون سەرۆکی هێژا؟

سەوز: تکا دەکەم، بەڵام تکایە بیرێک لە کاتیش بکەنەوە.

زەرد: بەڵێ، پلانەکەمان سووک و ئاسانە. کورت و کرمانجی، دەبێ چەکی بکەین.

سوور: ئێستا باشترین و لەبارترین دەرفەتە. ئەو هێندە بە ئاسوودەیی خەوتووە کە هیچ شتێک بەئاگای ناهێنێتەوە!

سەوز: نابێ متمانە بە خەوەکەی بکەین! دوور نییە خۆی لە خەو دابێ. بەڵێ، خەوەکەی ئەو، تەڵەیە، داوە، پیلانە! کەواتە باشترە باسی چەکدارێکی وشیار بکەین.

زەرد: ئێمە دەمانەوێ بەسەرکەوتنێکی کەم زیان بەدەست بێنین.

ڕەش: جا بۆ تەماشای من دەکەن؟

سەوز: پرسیارێک هەیە؟

سوور: هێرشەکان دەبێ لە یەک کات و لە هەموو لایەکەوە بن. تا گێژ بێ و نەزانێ لەگەڵ کامە لا شەڕ دەکا.

زەرد: ڕاستە. سەرەڕای ئەوەیش لەوانەیە قوربانی بدەین. ڕەنگە پێویست بێت یەکێکمان خۆی بخاتە بەردەمی تا ئەوانی تر چەکەکەی لە دەست دەربێنن.

ڕەش: جا بۆ تەماشای من دەکەن؟

سەوز: چارەی ترمان نییە گیانە. ئەو کارەکەی گەیاندە ئێرە. ویستی نەخوازراوی ئەو ئەوە بوو کە ئێمە لەو سندووقە تەسکوترووسکانەدا برزێین... [بە هەڵپە] کەچی ئێمە پێویستیمان بە جێگە و جووڵانەوەیە.

[هەموویان چەپڵە لێ دەدەن. دەنگەدەنگ]

سوور: ئەو دەیەوێ لە بری ئێمەیش بیر بکاتەوە. ئەمەیش شتێکە کە هیچ کەس قبووڵی ناکا.

ڕەش: کەچی ئەو خۆی هەر بیر ناکاتەوە!

[هەموویان چەپڵە لێ دەدەن. دەنگەدەنگ]

سوور: ئەو دەیەوێ پێیدا هەڵبلێین و کارەکانی بسەلمێنین!

سەوز: پەسنی بدەین و شیعری بەسەردا هەڵبلێین.

سوور: ئەو دەبێ چاک بزانێت کە ئێمە ئیتر مل نادەین.

[هەموویان چەپڵە لێ دەدەن. دەنگەدەنگ]

سوور: دەبێ بزانێت کە ئێمە کێ بووین و چی بووین.

زەرد: هەر لێرەوە ڕای دەگەیەنم کە ئێمە بۆ ژیانێکی مەمرە و مەژی شەڕ دەکەین.

ڕەش: [بە هێواشی] ژیانی مەمرە و مەژی چییە؟

زەرد: هەناسەهەڵکێشان!

[هەموویان چەپڵە لێ دەدەن. دەنگەدەنگ]

سەوز: تکایە هێمنی بپارێزن! مەبادا بتوانین بەسەریدا سەر نەکەوین.

زەرد: دەبێ جەخت لەسەر پێشبینیکردن بکەین!

سەوز: قسە نییە بۆ پێشەوە!

[ڕەش و بە دوای ئەویشدا سوور، هەر لە ناکاو و بۆ گاڵتەکردن بە داوەڵ کە لەوێش نییە، دەست بە سەما دەکەن.]

ڕەش: [بە چەقەنەلێدان] گیانەوەری کلکبڕاو!

سوور: [بە چەقەنەلێدان] دێوەزمەی ملشکاو!

زەرد: ئەگەر پلانەکەمان هەر بەو جۆرە بچێتە پێشەوە کە پێشبینیمان کردووە، بەڵێنتان پێ دەدەم کە سبەینێ، هەلاتنی خۆر لە هەلومەرجێکی چاکتردا دەبینین.

سەوز: پرسیارێک نییە؟ [وێستەیەک] کۆبوونەوە تەواو بوو!

سوور: دەسپێکی ڕاپەڕین!

[هەرچواریان هەڵدەستنەوە]

زەرد: لە بیرمان نەچێ کە سوێندمان خواردووە. ئەوەیشمان لە بیر نەچێ کەرەسەکانمان لەم شەڕەدا چین؟

سوور: چنگ و ددان.

سەوز: مست.

ڕەش: شەق.

زەرد: ڕاستگۆیی!

ڕەش: ئەوە خەریکە دەبینە مایەی مەترسی!

سەوز: پرسیارێک نییە؟ [وێستەیەک] من خۆم پرسیارێکم هەیە.

زەرد: تکا دەکەم.

سوور: کۆبوونەوەمان فەرمییە!

[هەر چواریان دادەنیشن]

سەوز: پاشەکشە کاتییەکەی یەکێک لە هەڤاڵان کە تاوێک بەر لە ئێستا ڕووی دا...

[هەموویان سەیری ڕەش دەکەن. ڕەش دەمەلاسکێیەک دەکا و ڕووی وەردەگێڕێ.]

سەوز: [بە ڕەش] هەڵبەت دەمانبەخشیت. بەڵێ، پاشەکشەی ئەم هەڤاڵە بەڕێزە، بیرێکی لا دروست کردم.

سوور: گوێمان لێتە.

سەوز: ئێمە خەریکین دەستبەکار دەبین. ئەمەیش گاڵتە نییە! یانی بەر لە هەموو شتێک پێویستیمان بە بڕوا و متمانەپێکردنە و ئەمەیش قەت قەت نایەتە دی ئەگەر بۆ دوایین جار بە شتەکاندا نەچینەوە.

سوور: پێشنیازی چی دەکەیت؟

سەوز: خراپ نییە هەموومان تاقی بکرێینەوە.

سوور: چۆن؟

سەوز: بە یارمەتیی زانستی ڕواڵەتناسی، دەروونناسی، زانستی پشکنین و زانستی لێکۆڵینەوە.

زەرد: دەرفەتمان زۆر کەمە.

سەوز: من لەسەر پێشنیازەکەم سوورم.

زەرد: دەتەوێ بە چی بگەیت؟

سەوز: دەمەوێ بزانم، ئاخۆ نارازیبوونی یەک بە یەکمان هێندە قووڵە کە تا دوایین قۆناخ پێکەوە بین و پشتی یەکتری بەر نەدەین؟

سوور: ڕاستە و قسەیەکی زۆریش جوانە.

ڕەش: با هەر کامێکمان تاڵێک لە پرچمان لە گرەو بنێین!

سوور: خوێنمان تێکەڵ دەکەین!

زەرد: درەنگە و کاتمان گەلێک کەمە.

سوور: هەر سەرت بخورێنیت کات بەسەر دەچێت [بە ڕەش] تۆ چی دەڵێیت؟

ڕەش: جا ئەو کڵاوی لە کوێ بوو؟

سوور: نا، سەبارەت بە تاقیکردنەوەکەمان چی دەڵێیت؟ ڕازیت؟

زەرد: قبووڵە!

ڕەش: [چەقەنە لێ دەدا] قبووڵە، وێڕای ئەوەی دڵ مەلوولە...

سوور: کەواتە دەست پێ بکە. خۆت بناسێنە. بۆ ئاگەداری، بۆ ئاگەداری! یەکەمین بەشداری بەرنامەکان خۆی دەناسێنێ.

[ڕەش کڕنۆش دەبا، هەموویان چەپڵە لێ دەدەن.]

ڕەش: من داماوێکی ڕەشوڕووتم

دڵ پڕ لە زام و ژیان پەرپووتم

هێزوپێزم لێ براوە

ڕووت و ڕەجاڵ وام لەم ناوە

وشکەنانێک هەبێ دەیخۆم

بە بێ ورتە دێم و دەڕۆم

سەوز: بەسە! نەریتەکان سەرلەبەر تێک چوون. ڕێساکان هەموویان فەوتان. سەت ئاخ و دووسەت مخابن. ئای دڵم!

سوور: نە دەکرا بیرێک لە ڕێساکان بکەیەوە؟

زەرد: دووپاتی دەکەمەوە، ئەم شێوازە کات بە فیرۆدەرە و هیچی لێ سەوز نابێ.

سەوز: [دەناڵێنێ] زۆرە جەناب، زۆر! بیرێک بکەنەوە. لە ڕێساکان، نەریتەکان!

زەرد: واز لەم بارەبارە بێنن. قسە هەزارە، دووانی بەکارە. من پێشنیازێکی ترم هەیە کە هەم کاتێکی کەم دەگرێ و هەم نیشان دەدا کە نارازیبوونەکەمان قووڵە یان نا.

ڕەش: [چەپڵە لێ دەدا] دەم خۆش، هەر بژی!

سوور: [خێرا بێدەنگی دەکا] خۆ جارێ هیچی نەگوتووە.

ڕەش: منیش بۆیە چەپڵە لێ دەدەم.

سەوز: پێشنیازەکەت چییە؟

زەرد: دەبێ بەر لەوەی بەرەو ڕووی دژمن ببینەوە، هەموو شتێکی پشت سەرمان وردوخاش بکەین.

سـوور: سوور: گـوێتـان لـێ بوو؟ واته ئەو کـارەی دژمن دەیەوێ بیکا، خـۆمـان بە دەستی خۆمان دەیکەین! دژمنیش لە خۆشییان دەفڕێ.

ڕەش: دووپاتی دەکەمەوە. هەر هەموو ئەو شتانەی پشت سەرمان.

سوور: [تێ نەگەیشتووە] ئەم کارە چ سوودێکی هەیە؟

زەرد: ســوودەکــەی ئەوەیە ڕێی پاشگەزبوونـەوەمــان نـامــێـنـێ. کــە ڕێی پاشگەزبوونەوەیش نەمــا، ناچار دەبین تا کــۆتاییی ڕەوتەکــەمــان ڕاوەستین [ڕانەوەستین] و پشتی یەکتر بەر نەدەین.

سەوز: ئافەرین! ڕاستە، چاکترین کار هەر ئەمەیە!

سوور: ئەم خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە دەستەبەرکردن.

زەرد: دەبێ سندووقەکانمان وردوخاش بکەین.

سوور: [تێ نەگەیشتووە] چی بکەین؟

زەرد: ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە بەسەرماندا سەپێنراوە. بەڵێ، سندووقەکان دەشکێنین.

سەوز: لەگەڵتدام.

ڕەش: تاقیکردنەوەیەکی چاک و لەبارە.

سوور: هەر زۆر باشە!

سەوز: بەڵام چۆن ئەم کارە بکەین؟ بە چی بیانشکێنین؟

[بێدەنگی. زەرد لەسەرەخۆ بەرەو سندووقەکەی دەڕوا و تەورێکی لێ دەردێنێت.]

زەرد: بەمە!

سوور: [خۆشحاڵ و حەپەساو] تەور!

ڕەش: [خۆشحاڵ] کەواتە بیرت لە ڕۆژێکی وا کردبووەوە؟

زەرد: بۆ شکاندنی سندووقەکان یەکاویەکە.

[هەر لە ناکاو هەموویان پەلاماری تەورەکە دەدەن.]

ڕەش: بیدە بە من...

سوور: من!

زەرد: من!

سەوز: تکایە بە نۆرەیە و ڕیزبڕی مەکەن.

[هەر لە ناکاو هەموویان ڕوو لە بینەران.]

هەموویان: تا کەڵەشێر دەخوێنێ!

[مۆسیقایەکی شاد. یارییەکی بە کۆمەڵ کە نیشاندەری تەور لە یەکتری ڕفاندنە. ڕەش هاوار دەکا و مۆسیقا کپ دەبێ.]

ڕەش: داوەڵ هات!

[فێڵەکە دەیگرێ و هەموویان ئاوڕ دەدەنەوە. ڕەش تەورەکە دەڕفێنێ و هێرش دەباتە سەر سندووقەکەی خۆی.]

ڕەش: [تەور دەوەشێنێ] بشکێ! بشکێ! بشکێ!

[ئەوانی تر، کڵاویان چووەتە سەر بەڵام ڕازین، چەپڵە و فیتوو لێ دەدەن.]

سوور: دەستت خۆش بێ. زۆرم بە دڵ بوو.

سەوز: ئافەرین. خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ.

زەرد: کۆڵ مەدە! زووکە دەی!

سوور: خێراتر، دەی زووکە دەی، نۆرەی منە!

زەرد: تۆ؟

سوور: ئەدی کێ؟

زەرد: من!

سەوز: تۆ؟

زەرد: ئەدی کێ؟

سەوز: من!

سوور: تۆ؟

سەوز: ئەدی کێ؟

سوور: من!

ڕەش: [هەناسەی سوار بووە و بەردەبێتەوە] ئەوجا ڕەحەت بووم.

[سوور بە پەلە تەورەکە هەڵدەگرێ و ڕادەکاتە لای سندووقەکەی، سەوز و زەرد بە دوایدا ڕا دەکەن تا تەورەکەی لێ بستێنن. سوور تەورەکە هەڵدێنێ، بەڵام لە ناکاو گومان دای دەگرێ. تەورەکە تاوێک لە هەوادا دەمێنێتەوە.]

سوور: [بە زەرد] فەرموو. ئێستایش سەرەی تۆیە.

زەرد: خۆ تۆ لە هەمووومان زیاتر پەلەپەلت بوو.

سوور: من دەمەوێ دوایین کەس بم. دەمەوێ ئاهەنگێکی چاکی بۆ بگێڕم.

زەرد: دوای سەرکەوتن هەموومان پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕین. بۆ پێشەوە!

[سەوز دەکشێتە دواوە. سوور بەرەو سندووقەکەی دەڕوا، ئاوڕێک دەداتەوە و ناچار بزەیەک دێنێتە سەر لێو. بەڵام نازانێ چی بکا؟]

سوور: [بە سەوز] نۆرەی جەنابتانە.

سەوز: بەوپەڕی ڕەزامەندی و خۆشحاڵییەوە، جەنابتان فەرموون.

سوور: پەلەپەل کاری هەرزەکارەکانە.

سەوز: العجلة من عمل الشيطان!

سوور: في التاخير آفات!

زەرد: دەی فەرموون، واز لە موجامەلە بێنن.

سەوز: موجامەلەی پێ ناوێ، تکایە سوود لەم دەرفەتە وەرگرە.

سوور: ئەم دەرفەتە لە کیس خۆت مەدە، تکایە واز لە خاکەساری بێن.

سەوز: خاکەساری لە سەرشۆڕی باشترە گیانە، دەرفەتم بدەن ماڵئاوایی لە سندووقەکەم بکەم.

سوور: [داماو] باشە، کەواتە خۆم دەست پێ دەکەم.

[ڕەش هێشتا لە قسەکانیان تێ نەگەیشتووە. سوور هێشتا نەڕۆیشتووە و ڕادەوەستێ.]

سوور: [بە پارێزەوە] ئێوە ئەم کارەتان پێ باشە؟ پێتان باشە سندووقەکانمان بشکێنین؟

سەوز: بەندەیش خەریک بوو، ڕێک بیرم لەوە دەکردەوە.

سوور: [خۆشحاڵ] دەی فەرموون، بە چ ئاکامێک گەیشتن؟

سەوز: بەم ئاکامە، کە ئاخۆ کارێکی باشە سندووقەکانمان بشکێنین؟

زەرد: ئەوە چی دەڵێن؟ [وێستە] بۆ هیچ ناڵێن؟ [وێستە] چاوەڕێی چین؟

سوور: لە ڕاستیدا من... دەڵێم ئەو شتانەی کە نەمانتوانی بە دژایەتیکردن لە دەستی دەربێنین، لەوانەیە بتوانین بە برادەرایەتی لێی وەرگرینەوە.

ڕەش: یانی ببینە هاوڕێی؟

سوور: بەڵێ، دەکرێ تا سنووری یەکماڵبوون لێی بچینە پێشەوە، پاشان وردەوردە و بە ڕوویەکی خۆشەوە، یەک بە یەک شتەکانی لێ بستێنینەوە. ئادی. یەک بە یەک. تفەنگ. فیشەک، قەمە...

سەوز: [خۆشحاڵ] بەڵێ، ئەمەیش ڕێیەکە بۆ خۆی.

زەرد: بەڵام دوور نییە کە بوون بە یەکماڵ، ئەو ئەم کارەتان لەگەڵ بکا. یەک بە یەکی شتەکانتان لێ بستێنێ. بیر و بڕوا، ئیرادە، هاودڵی...

سەوز: [نائومێد] بەڵێ، ئەمە ڕێیەکی باش نییە.

سوور: [پێ دەکەنێ] بەڕاستی فیکر و بۆچوونێکی قۆڕ بوو.

ڕەش: [پێ دەکەنێ] قۆڕ و بێ تام.

سوور: بێ مانا.

ڕەش: تووڕەهات... تەورەکە کوانێ؟

ڕەش: بۆ ئاگەداری، بۆ ئاگەداری، ئێستا سندووقی دووەم دەشکێنرێ. تکایە فەرموون و پەلە بکەن.

سوور: [دوودڵ] لە کارێکی سەنگوسووکنەکراو دەچێ.

سەوز: [دوودڵ] لە کتێبێک کە هێشتا نەخوێندراوەتەوە.

زەرد: [لە خەیاڵی ئازادیدا] لە خەونێکی نەبینراو!

سوور: بیر و بۆچوونێک خەریکە لە دوور دوورەوە بەرەو مێشکم دێ و لە ترافیکلایتدا گیری کردووە. دەرفەتم بدەنێ بیرێکی لێ بکەمەوە.

ڕەش: بۆ ئاگەداری، بۆ ئاگەداری، جەنابیان خەریکن بیر دەکەنەوە... [بە سەوز] چاکترین دەرفەتە بۆ پێشدەستیکردن! [تەورەکەی بۆ درێژ دەکا] ئەوەتان دەویست، وا نییە؟

سەوز: من ناچار نیم وەڵامی هیچ کەس بدەمەوە.

زەرد: تۆ بەڵێنت دابوو.

سەوز: من بە کرێگیراوی هیچ کەس نیم گیانە. کاری هەڵە، گەڕانەوەی تێدا ڕەوایە.

ڕەش: تۆ ڕقت لە سندووقەکەت بوو.

سـەوز: من ڕقی دنیـام لەو کـونەڕێوییـەیە، ئەمـەیان لە جـێی خـۆی، بەڵام چوزانین سبەینێ چی دەقەومێ؟

ڕەش: سبەینێ کە ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسی، تێ دەگەی!

سەوز: ئێمە هیچ خاڵێکی هاوبەشمان نییە!

ڕەش: ئای، خۆ تا ئێستا دەتگوت خاڵی هاوبەشـمان زۆرە. [بە زەرد] ئەوە چی دەڵێ؟

زەرد: جەنابیان ترساوە!

سەوز: [بە سوور] بەڵێ، جەنابیان نەترسترن و منیش ئاقڵتر!

زەرد: مەبەستت ئەوە نییە. تێ دەگەم، هەرچییەک بێت لە سندووقەکەدایە. تۆ سندووقەکەی خۆت خۆش دەوێ.

سەوز: هەموو شانازییەکانم لەو سندووقەدان.

زەرد: هەر بۆیەیش پشتمان بەر دەدەی؟

سەوز: شوناس و پێناسەکەی من ئەو سندووقەیە! من لە هەر کوێیەک بم، لە قـووڵاییی دڵەوە لەگـەڵتـاندام. بەڵام لە هەر کـوێیـەک بم، ناچارم سندووقەکەم بپارێزم.

زەرد: هێندە خۆت بە ڕابردووتەوە مەبەستەوە!

سـەوز: من بیر لـە داهاتوو دەکەمـەوە، دەمـەوێ ئەگەر دنیـایەکی باشـترم لە پێش نەبێ، بەلای کـەمــەوە ژیانی پێـشـووم نەدۆڕێنم. دەبینـی؟ ئەم سندووقە وەکو زنجیرێک بە لاقمەوە بەستراوە.

ڕەش: [بێ ئۆقرە] ئەو زنجیرە بپسێنە!

سەوز: زنجیر ئەگەر پسابا، خۆی دەپسا، پێویست ناکا ئامۆژگاریم بکەی.

ڕەش: شایانی نییە!

سەوز: ئەوە کارێکی زۆر قۆڕە کە جەنابتان چاکە و خراپەم فێر بکەن.

ڕەش: کێ باسی فێرکردن و نەکردنی کردووە، جەنابتان هەموو شتێک دەزانن.

زەرد: [بە سوور] تۆ چی دەڵێی؟

سوور: جارێ هیچ.

زەرد: تۆ کاتت زۆر بوو.

سوور: نەخێر کەم بوو.

ڕەش: تۆ لەگەڵماندایت، وا نییە؟

سوور: هێندێک شت هەن کە بۆ گوتن ناشێن [بە زەرد] چەکەکە دەکەوێتە دەست کێ؟

زەرد: چەک؟

سوور: دەکەوێتە دەست یەکێکمان، دەزانم. بەڵام کاممان؟

زەرد: پێشبینی ناکرێ.

سوور: گرفتەکە ڕێک ئەوەیە. چوزانین ئەو کەسەی چەکەکەی دەکەوێتە دەست، بە تەما نییە جێی ئەو بگرێتەوە؟

ڕەش: ئەوە چی دەڵێ؟

سوور: چاک دەزانی چی دەڵێم، بۆ نموونە هەر خودی خۆت! ئەگەر چەکەکەت بکەوێتە دەست، چی دەکەی؟

ڕەش: من؟

سوور: هەر لە کۆنی کۆنەوە گوتوویانە: هەر خراپێک دەڕوا خراپترێکی بە دوادا دێ.

زەرد: چەکەکە توور هەڵدەدەین!

سوور: ئێستا وامان پێ دەڵێی، بەڵام ئەو کەسەی چەکی بکەوێتە دەست، لەوانەیە فرێی نەدا.

ڕەش: ئەدی ئێمە هاوڕێی یەکتری نین؟

سوور: هاوڕێ؟ ئەوەندەی من ئاگام لێیە، تۆ هیچ حەز لە چارەمان ناکەی. دوور نییە بتەوێ دارونەدارم زەوت بکەی.

ڕەش: [گێژ] سەر دەرناکەم.

سوور: تاقە هزر و بیری کەسێکی وەک تۆ ئەوەیە کە بۆچی لەوانی تر کەمترە و دەیەوێ وا نەبێ. جا چ لەوە باشتر کە چەکیشی بکەوێتە دەست.

زەرد: ڕاست و ڕەوان بیدرکێنە کە گومانت هەیە.

سوور: نا، گومانم نییە، دڵنیام! [ئاماژە بۆ ڕەش دەکا] ئەم کابرایە پلانێکی هەیە!

ڕەش: خەریکە هێدی هێدی بڕوام بە خۆم دەبێ [ئاماژە بۆ خۆی دەکا] ئاخر لەم سەروسەکوتە دەوەشێتەوە؟

سوور: تۆ بەر لە هەموومان تەورەکەت هەڵگرت. بەر لە هەموومان سندووقەکەت شکاند. بۆ؟

ڕەش: لەبەرئەوەی...

سوور: لەبەرئەوەی پلانێکت هەیە! [بە زەرد] من ئامادە نیم گوێ لە مستی گەجەروگوجەرێک بم.

زەرد: بەڵام ئێستا گوێ لە مستی کەسێکی لەو خراپتری.

سوور: من ئامادە نیم یارمەتیی کەسێک بدەم کە بە تەمایە سبەینێ لەسەرم بدا!

زەرد: ئەم قسانە هەمووی خەیاڵپەروەرییە، بەهانەیە! بۆچی دوایین قسەت ناکەیت؟

سوور: دەزانی چییە؟ من سندووقەکەی خۆمم خۆش دەوێ و ئا!

زەرد: ئەدی مایەپووچ دەرنەچووبوویت.

سوور: دەتوانم سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە. هێشتا بڕۆکەیەک بایەخم ماوە. ئادی دەتوانم سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە.

ڕەش: [لە زەرد دەپاڕێتەوە] تۆ شتێکی پێ بڵێ.

سوور: ئادی ئامۆژگاریم بکە. ڕێنوێنیم بکە. هێندێک کەس هەن کە بەس دەزانن قسە بکەن. هێندێک کەس هەن کە تەنیا بۆ قسەکردن خولقاون.

زەرد: مەبەستت کێیە؟

سوور: مەبەستم ئەو کەسەیە کە قسەی زلتر لە زاری خۆی دەکرد!

زەرد: من هەرچییەکم گوتووە. بڕوام پێیەتی!

سوور: فەرموو، چاوەڕێی چیت؟ بۆ ڕاوەستاوی؟

زەرد: [تووڕە] من وەکو تۆ نیم... [بە ڕەش] بمدەرێ، بمدەرێ! [بە سوور] من تەنانەت چرکەساتێکیش دوودڵ نەبووم.

[تەوەر بەدەست بەرەو سندووقەکەی دەڕوا]

سوور: تکایە چەپڵەی بۆ لێ دەن. کاکم بە تەمایە ببێتە پاڵەوان. چەپڵەی بۆ لێ دەن...

زەرد: [هاوار دەکا] بەسە!

[بێدەنگییەکی درێژخایەن. زەرد سەری شۆڕ دەکاتەوە. لە جێی خۆیدا وشک دەبێ. بێدەنگی پڕە لە نیگەرانی.]

ڕەش: [بە نیگەرانییەوە] تۆ دێیت، وا نییە؟ [هیچ وەڵامێک نییە. ڕەش دڵی خۆی دەداتەوە] تەماشا چەند کەرم، قسەی تێدا نییە کە دێی!

زەرد: تازە چ سوودێکی هەیە؟ هەموو شتێک خراپ بوو.

ڕەش: هێشتا خراپ نەبووە، من و تۆ هێشتا هەین.

زەرد: من و تۆ چیمان لە دەست دێ؟

ڕەش: هەموو هێز و گوڕ و تینمان دەخەینە کار.

زەرد: ئەو سەردەکەوێ، بێگومان هەر ئەو سەردەکەوێ. دەزانی چ دۆزەخێک چاوەڕێمان دەکا؟

ڕەش: [دەنەڕێنێ] کەواتە... دۆزەخ بەس هیی منە؟

زەرد: هەوڵ بدە قسەی ماقووڵ بکەی. هەوڵ بدە لە هەلومەرج تێ بگەی.

ڕەش: هەلومەرجی چی؟ من تەنیام... [هاوار دەکا] ئێوە چیتان بەسەر هێنام؟

سەوز: ئێمە قەرزاری هیچ کەس نین گیانە. بەم ڕەفتارەت خەریکی سووکایەتیمان پێ دەکەی!

[ڕەش بە خۆڕاگرییەوە بزەیەک دێنێتە سەر لێو، تەورەکە هەڵدەگرێ و بەرەو زەرد دەڕوا.]

ڕەش: هانێ، بیگرە. بیشکێنە.

زەرد: ناتوانم.

ڕەش: [شێتانە] کەواتە من دەیشکێنم!

زەرد: [پێشی پێ دەگرێ] من نایەڵم.

ڕەش: [بە هەڕەشەوە] لاچۆ!

سوور: ئای لەم شەقاوەیە!

ڕەش: ئێوە ئەم کارە ناکەن، ها؟ کەواتە من دەیانشکێنم.

زەرد: ئەم کارە بکەی، تف لە ناوچاوت دەکەم.

ڕەش: [هاوار دەکا] لاچۆ!

سەوز: تۆ خەریکە وەزعەکە قۆڕتر دەکەی.

ڕەش: فززە مەکە!

سوور: دە فەرموون دەی. کە دەمگوت چەکی بکەوێتە دەست، مەبەستم ڕێک ئەمە بوو.

زەرد: ئەگەر سندووقەکان بشکێنی، قسەکەی ئەو ڕاست دەردەچێ! چۆن چاوەڕێی یارمەتی کەسانێکیت کە بێزارت کردوون؟

سوور: ڕاستە. ڕاست دەکا.

ڕەش: [خاو بووەتەوە] ئەدی چی بکەم؟ پێم بڵێن چی بکەم؟

سەوز: [لەسەرەخۆ] هەوڵ بدە سندووقەکەت چاک بکەیتەوە!

ڕەش: هەرگیز!

[بێدەنگی. هەرکام لە سووچێک و بیر دەکەنەوە.]

ڕەش: چەندی ماوە کەڵەشێر بقوقێنێ؟

[بێدەنگی. هیچ کامیان وەڵام نادەنەوە.]

ڕەش: [بێ ئۆقـرە] ڕۆهەڵات لە کام لایە؟ [وێستە. هەر لە ناکاو] ئەوە بۆ دانیشتوون و تەماشام دەکەن؟

سەوز: تۆ لێمان قەڵس و تووڕەیت گیانەکەم. من لە قووڵاییی دڵەوە داخدارم.

ڕەش: ئەم قسانە چ دەردێ لە من دەوا دەکەن؟

[بێدەنگی، سەوز بە هێواشی هەڵدەستێتەوە.]

سەوز: باو و باپیرانم تێکڕا مجێوری گۆڕستانەکان بوون و هەر لە بەریبەیانەوە تا درەنگی شەوان، دوعا و نزایان دەکرد. باوکم ڕۆژێ دوو جار نوێژی ترسی دەکرد. منیش یەکەمین شتێک کە فێری بووم

نزای غوربەت بوو. من هەموو کات لەناو بەردەنووسەکاندا ون و بێ سەروشوێن بووم... لەناو تۆمارە کۆن و پواوەکاندا... لە ناو خەتە خواروخێچ و هێشتا نەدۆزراوەکاندا...

زەرد: [هەر لە ناکاو دەنەڕێنێ] ئەوە بۆ پەشیمان بوونەتەوە؟ بۆ؟

سەوز: لەسەرەخۆ گیانە، لەسەرەخۆ. سندووقەکەی تۆ هەرچۆنێک بێت لە هیی من خراپتر نییە.

زەرد: تۆ چوزانی؟... لەوێدا شیعر بەس هاوکێشەیەکە و زۆر کەسیش خەمی ئەوەیانە کە بۆچی خۆشەویستی بە سلفە نییە.

سەوز: من ددان بەوەدا دەنێم کە لە شرۆڤەی نوێخوازان سەر دەرناکەم.

زەرد: پارە، بڵیندگۆ، چرای ڕەنگاوڕەنگ، کەرەستەی ئۆتۆماتیک، فیلمی قۆڕ، ئەو کارڕێکخەرانەی کار ڕێک دەخەن یان تەنانەت ئەو کارەیش ناکەن، خشتە، خشتە، ئاشنا و ڕۆشنا، نەختی قەرز ئاسا، کۆوارەکان... دەڵاڵەکان! قیستەکان!

سەوز: سۆز؟

زەرد: هیچ!

سوور: هاوڕێیەتی؟

زەرد: هەر باسی مەکە!

سەوز: ئەدی چۆن بە تەمایت بگەڕێیتەوە؟

[وێستە. زەرد لێقەوماو و پەرێشان]

زەرد: هات و نەهاتە، لەوانەیە بگەڕێمەوە و هەر لە ناوەوە دەست بە هێندێک چاکسازی بکەم.

سەوز: من زۆرم بیر لێ کردووەتەوە. من بەپێچەوانەوە، هیچ ڕێی گەڕانەوەم نییە. گەڕانەوە بۆ من ڕێک وەکو مەرگی ناکاوە.

زەرد: بەڕاست؟

سەوز: بەڵێ، لەلایەکی ترەوە ئەم هەلە هەموو کات هەڵناکەوێ.

سوور: مەبەستت ئەوەیە کە...

سەوز: ئەدی ئەتۆ؟

سوور: من لە ڕاستیدا، بە گومانم.

سەوز: گومانەکەی تۆ منیشی خستە گومانەوە.

زەرد: [لە ناکاو] بەڵام نابێ. ناشێ... قەت قەت ناشێ، بۆ چاککردنەوەی ئەم بارودۆخە دەبێ لە دەسەڵات نێزیک بینەوە، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هاوکاری.

سەوز: باشترە بڵێیت پێکهاتن.

سوور: یانی سازان!

زەرد: کە من هیچ ئەهلی ئەمیان نیم. وەرن با زیاتر بیر بکەینەوە.

ڕەش: [ئومێدەوار] ئادی، زەختیشمان کەمە.

زەرد: ئێمە لەو سندووقانە هاتینە دەرەوە، لەبەرئەوەی جێمان نەدەبووەوە.

سەوز: بەڵێ، تەقریبەن.

زەرد: نەخێر، تەحقیقەن. کەواتە با کارێک بکەین، وەرن هەر بۆ تاقە جارێکیش بووە، با کارێک بکەین.

سوور: ئەمەیش سەودایەکە و گرانمان لەسەر دەوەستێ.

سەوز: نا... گیانی دڵم. ئەگەر هاتوو شکستمان هێنا، دەتوانین سەرلەنوێ سندووقەکان دروست بکەینەوە.

سوور: دەکرێ، بەڵام ئیتر سندووقەکانمان نابنەوە سندووقی جاران. ئەم جارەیان تەنگتر و خەفەتر دەبن. بەشکم قفڵێکی چەند کیلۆییشیان

لێ بدرێ!

سەوز: ڕاست دەکەی، هیچ سوودێکی نییە.

[هەموویان سارد دەبنەوە. بێدەنگی. سوور پیاسە دەکا.]

سوور: هەرچەند زۆرتر بیر لە سندووقەکەم دەکەمەوە، زیاتر ڕشانەوەم دێ. لەوێدا هیچ ڕێیەکی ئابڕوومەندانە بۆ پەرەپێدان بە ژیان نەماوە. ژیان لەو سندووقەدا، پێشبڕکێیەکی بەردەوامە کە هەموو جۆرە فێڵ و ترۆکەڵەکەیەک تێیدا ئازادە. دەستەکانی مرۆڤسازی، بڵاوکردنەوەی قسەوقسەڵۆک، فتکردن، بارهێنان، پشکنین، باج، بەرتیل! دەبێ خۆت بشاریتەوە، دەبێ پێ بکەنیت، دەبێ بگریەت، دەبێ ئومێدەوار بیت و فرتوفێڵ بەکار ببەیت، بەس درۆودەلەسە و فرتوفێڵ! گوو بەو ژیانە بێت!

زەرد: تۆیش ئەگەر بگەڕێیتەوە هەر ئەم شتانەت لە پێشە.

سوور: من ئەم شتانە ناکەم، هەر بۆیەیش سەرنەکەوتم.

زەرد: کەواتە وەرە، وەرە با سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە.

سەوز: ئەگەر تۆزقاڵێک دڵنیاییمان هەبا...

ڕەش: چ کفنێکمان بۆ دەکرد!

سوور: نا، ئەو بە هێزترە! بە پێویستی بزانێ هەر هەموومان تەفروتوونا دەکا.

زەرد: ناتوانێ! ئەو پێویستی بە کەسانێک هەیە، کاری بۆ بکەن.

ڕەش: لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ئێمە نەبین، خۆی بەسەر کێدا فش بکاتەوە؟

سەوز: سەیرە، زۆر سەیرە، ئەم قسانەم گەلێک ئاشنا دێنە بەرگوێ.

سەوز: پێت وا نییە پێشتر یەکترمان بینیوە؟

زەرد: نازانم.

سەوز: هیچ بە دووری نازانم.

زەرد: یانی ئێمە هێندە گۆڕاوین؟ هێندە گۆڕاوین کە یەکتری ناناسینەوە؟

سوور: چ شتێک بووەتە هۆی ئەوەی هێندە بگۆڕدرێین؟

ڕەش: ئەم سندووقانە.

زەرد: ئەم سندووقانەی... کە بەسەرماندا سەپێندراون.

ڕەش: دەبێ هەر هەموویان تێک بشکێنین.

سوور: ئادی، دەبێ کارێک بکەین.

زەرد: کەواتە با کارێک بکەین!

هەر چواریان: بەر لەوەی کەڵەشێر بقووقێنێ!

زەرد: کاتمان کەمە.

سەوز: دەبێ بەر لە هەموو شتێک ناکۆکییەکانمان لەناو بەرین... کۆبوونەوەکەمان فەرمییە... دەبێ ئاشت ببینەوە.

سوور: [ڕا دەگەیەنێ] کۆبوونەوەی ئاشتی، کۆتاییی پێ هات!

ڕەش: لەگەڵ یەکتردا چەند چاک و تەباین.

سەوز: دەی، سەرەتا جەنابتان دەست پێ بکەن...

سوور: من...

زەرد: سەرەی جەنباتان بوو.

سوور: ئادی، من! ئەمن!

[تەورەکە هەڵدەگرێ و بە دەوری سندووقەکەیدا دەخولێتەوە. تەورەکەی هەڵدێنێ، ئەوانی تر، هانی دەدەن.]

هەرسێکیان: دەی بابم دەی بیشکێنە...

ڕەش: بیشکێنە!

سوور: نایشکێنم.

هەرسێکیان: بیشکێنە!

ڕەش: تا گوڕوتینت لە بەرە...

زەرد و سەوز: بیشکێنە!

سوور: نایشکێنم.

هەرسێکیان: بیشکێنە!

زەرد: ئەم سندووقە زیندانە!

ڕەش و سەوز: بیشکێنە!

سەوز: تابووتێکی گرانە!

ڕەش و زەرد: بیشکێنە!

سوور: نایشکێنم!

هەرسێکیان: بیشکێنە!

سوور: نایشکێنم! [بە هەناسەبڕکێوە تەورەکەیان بۆ درێژ دەکا] چۆن بزانم کە سندووقەکەم شکاند، خاوەنی قسەی خۆتان دەبن؟

سەوز: بڕوامان پێ ناکەیت؟

سوور: چۆن بزانم پشتم بەر نادەن؟

زەرد: چۆن بزانین کە تۆ خۆت پشتمان بەر نادەی؟

سەوز: چۆن بزانم کە هەمووتان پشتم بەر نادەن؟

سوور: ناکرێ. ئەوە فشە و گاڵتەیە. ئاوا ناکرێ.

سەوز: دەبێ ڕێگەیەکی تر بدۆزینەوە.

ڕەش: بۆ خاتری خوا، زوو کەن.

زەرد: من بیرێکم کردووەتەوە.

سەوز: منیش.

سوور: منیش.

زەرد: من هەڵپە گرتوومییەتی و ناتوانم نەیڵێم.

سەوز: هەڵپەی من لە هیی تۆ کەمتر نییە.

سوور: هیی من پێوەندی بە چارەنووسەوە هەیە.

سەوز: من ڕای دەگەیەنم.

زەرد: من هۆشدارییتان دەدەمێ.

سەوز: بە بۆچوونی من باشترە کە...

سوور: بە بۆچوونی منیش. هەڤاڵان، هاونیشتمانانی بەڕێز...

سەوز: قسەی من لەمەڕ شکاندنی سندووقەکانە.

سوور: منیش لەمەڕ شکاندن دەدوێم.

زەرد: لە تێکشکان!

سوور: ئەم بەرنامەیە خەریکە ڕاستەوخۆ بڵاو دەبێتەوە.

زەرد: سەرەتا من بیرم کردەوە.

سەوز: سەرەتا من بە ئاکام گەیشتم.

سوور: سەرەتا من لێکم دایەوە.

زەرد: ئێستا کە جەنابتان بە پەلەن، فەرموون.

سەوز: نەخێر جەنابتان فەرموون.

زەرد: نەخێر جەنابتان سەوەرمانن.

سەوز: من هەرە بچووکی ئێوەم.

زەرد: من هەرە هەرە بچووکی هەر هەمووتانم.

ڕەش: ئەرێ دەست پێ دەکەن یان نا؟

سوور: مەیکەنە هەرا، بێدەنگ بن.

زەرد: بێدەنگ بن، مەیکەنە هەرا.

سەوز: ددانە دەسکردەکانم لە کوێن؟

سوور: بۆ ئاگەداری، بۆ ئاگەداری. هەمووتان گوێ بگرن.

سەوز: هەر وەکو هەموومان دەزانین...

سوور: ئەوەیان دەزانین!

زەرد: بەڵێ، گوێمان لێتە.

سوور: چاومان لێتە.

سەوز: دووپاتی دەکەمەوە. ئەرێ چیم دەگوت؟

زەرد: دووپاتی بکەوە. ئەرێ چیت دەگوت؟

سەوز: عەرزی هەمووتان دەکەم کە من وای بۆ دەچم...

ڕەش: چەند باشە کە دەچیت!

زەرد: دەم خۆش.

سوور: ئافەرین.

زەرد: سەت ئافەرین.

سوور: هەزار ئافەرین.

سەوز: کەواتە دەگەینە ئەو ئاکامە...

ڕەش: چەند خۆشە کە بە ئاکام دەگەین.

زەرد: هاودەنگم. هاودەنگن؟ هاودەنگم.

سوور: دەستت دەگوشم. دەستم دەگوشن؟ دەستتان دەگوشم.

زەرد: لە دوورەوە!

سوور: لە نێزیکەوە.

ڕەش: خوایە هاوار...

سەوز: کەواتە بەو ئاکامە گەیشتین کە... ئەرێ باسی چیمان دەکرد؟

سوور: بە ڕاست باسی چیمان دەکرد؟

زەرد: داوەڵ.

ڕەش: سندووق.

سوور: تەور.

زەرد: خۆرەتاو.

سوور: خۆرەتاو.

ڕەش: خۆرەتاو.

[کەڵەشێر دەقوقێنێ. هەموویان وشک دەوەستن. وێستە. جارێکی تر قوقەی کەڵەشێر. هەرسێکیان پشتاوپشت بەرەو سندووقەکانیان دەکشێنەوە.]

ڕەش: [هاوار دەکا] ناهێڵم. من ناهێڵم بگەڕێنەوە. ناهێڵم.

[ئەوان دەکشێنەوە. کەڵەشێر دەقوقێنێ.]

سوور: ڕۆژێک لەوانەیە بگەڕێینەوە.

ڕەش: [دەقیژێنێ] کەی؟... کەی دەگەڕێنەوە؟

سەوز: بڕوا بکە، ئەم دەرفەتە لەبار نەبوو.

زەرد: خوات لەگەڵ. قەت قەت لە بیرت ناکەین.

[ڕەش دەکەوێتە سەر چۆک. ئەوان لە سندووقەکانی خۆیاندان.]

سەوز: بەر لەوەی ناچارت بکا، سندووقەکەت سەرلەنوێ دروست بکەوە!

[دەرگەی سندووقەکانیان دادەخەن. ڕەش بە کاوەخۆ دەگریەت لە تاریکیدا، قاقایەکی ترسناک دێتە بەرگوێ. ڕەش شێتانە دەست بۆ

تەورەکە دەبا و هەڵی دەگرێ و بەرەو تاریکی دەنەڕێنێ.]

ڕەش: من هێشتا هەم. هێشتا لێرەم.

[داوەڵ لە تاریکیدا و جووڵەی وشک و بە دەموچاوە ترسناکەکەیەوە دێتە پێشەوە. ڕەش دەبینێ و ڕادەوەستێ.]

داوەڵ: سەیرە، لێرە دیارە باسوخواسێک هەبووە... [تفەنگەکەی هەڵدێنێ] دیارە نیازپاکیم کەڵکی نابەجێی لێ وەرگیراوە... دیارە خەونەکەم ڕاست بووە! [پێی بەرز دەکاتەوە و لە زەوی دەکوتێ] چۆک دادە!

[ڕەش، سەری با دەدا.]

داوەڵ: کڕنۆش، کڕنۆش بەرە!

[ڕەش سەری با دەدا.]

داوەڵ: تا پێنج دەژمێرم و لەوەیش زیاتر کاتت نادەمێ. بەس پێنج ژمارە. هەر ئێستاش دەست پێ دەکەم: یەک... دوو...

ڕەش: [دەقیژێنێ] خۆرەتاو. خۆرەتاو.

[شانۆ تاریک دەبێ]